من دوو پێشنیارم هەیە لەو فەقەرەیە, پێشنیاری یەكەم لیژنەی یاسایی باسیان كرد كە دەبێت بگوترێ (العمل علی اعادة ربط) نەك (اعادة ربط) لەبەر ئەوەی (اعادة ربط) تەنیا ئەركی ئەو وەزارەتە نییە, لیژنەیەك هەیە لە بەغدا پێك هێنراوە و سەرۆكایەتی كۆمار بەشێك لەو ئەركەی هەیە, بۆیە دەڵێم دەبێت بگوترێت (العمل علی), لە كۆتایی فەقەرەكە دەڵێ (لتطبیق احكام الدستور الاتحادي), ئێمە واتێی

دەگەین کە (لتطبیق احکام الدستور الاتحادي) بویتە ئامانجمان تەنیا, بەڵکو بە تەتبیقی دەستووری ئەو شوێنە دابڕاوانە بێت, بۆیە لە جیاتی (لتطبیق) بگوترێت (بتطبیق), سوپاس.

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت من صیاغەیەکی ترم هەیە و تەئکیدیشە هەر لەسەر ماددەی 140, چونکە (تقید الاحکام العامة) و تەئکید کردنەکەشی بە پێویستی دەزانم, جا ئەگەر مەجال هەبێت صیاغەکە بخوێنمەوە (العمل على اعادة ربط المناطق المقتطعة من کوردستان بالاقلیم من خلال التعاون مع الحکومة العراقیة لتطبیق المادة 140 و الاحکام الاخری من الدستور الاتحادي), یانی ئەحکامەکانی تریشی چی هەبێت زمنی ئەوەیە, ماددەی 140شی تێدا بەهێز ترە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا لەسەر دوو شت خیلاف هەیە, (العمل) یان هەوڵ دان یان کارکردن, (على المناطق المقتطعة من کوردستان بالاقلیم من خلال التعاون مع الحکومة العراقیة لتطبیق احکام الدستور لاقلیم کوردستان), لەوە خیلاف هەیە هەندێك دەڵێن (لتطبیق المادة 140), ئەوەی دەخەمە دەنگدان, ئەوەی لەگەڵ ئەوەیە کە وەکو خۆی بمێنێ کە لیژنەی قانونی ئیقتراحی کردووە, تکایە صیغەکە بەم شێوەیە (العمل على اعادة ربط المناطق المقتطعة من کوردستان بالاقلیم من خلال التعاون مع الحکومة العراقیة لتطبیق احکام الدستور الاتحادي), فەرموو.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

العمل على اعادة ربط المناطق المقتطعةمن کوردستان بالاقلیم من خلال التعاون مع الحکومة العراقیة لتطبیق احکام الدستور الاتحادي.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێکی تر هەیە لە نەتیجەی موداخەلەی ئێوە کراوە وئەوانە کە ئیزافەی ماددەی 140 بکرێت,(لتطبیق المادة 140 من الدستور), جاری یەکەم, تۆ دەڵێی گەڕاندنەوەی ناوچەکانی تری هەرێم بۆ هەرێم, ئەمە یەك ئالیەتی بۆ دانراوە لە مادده 140, ئەحکام ئوخرای چی, بزانین یەکەم جار تاکو تەصویتی بۆ بکەین, لەبیر مەکەن جوملەکە تەسلسولە, گەڕاندنەوەی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم بۆ سەر هەرێم, مادده 140 هەیە, چی تر هەیە تاکو ئیزافەی بکەین, دەستووری هەر ئەوەیە, ئەوەی یاسایی کە خوێندیەوە, ئەوەی ئیزافەی 140 ئەصڵەکەی بێ 140 دەخەمە دەنگدانەوە, کێ لەگەڵ ئەوەیە دەستی بڵند بکات؟ عەفو کاك فرست دەڵێ ئەوەل جار موقتەرح دێتە تەصویت, کە لەنەتیجەی قسە کردندا

کەدەڵێ 140 هکە, کێ لەگەڵ ئەوەیە کە 140 هکە ئیزافە بکرێت دەستی بڵند بکات؟ 36 کەس لەگەڵە, کێ لەگەڵ نییە؟ کاك شێروان تەوزیحی هەیە فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابت لە بیدایەتی جەلسە دەستت پێ کرد وتت ئەو ئەندامانەی کە لە لیژنە دەنگیان داوە تەقلیصی قسەیان بکەن, ئێستا نەك تەقلیصی قسەیان بکەین, بەڵکو من رەچاوم کرد سێ ئەندامی لیژنەی یاسا بەداخەوە لە مەحزەری لیژنە ئیمزایان کردووە کە لەگەڵ رەئیی ئێمەن, و ئێستا موخالیفی رەئیی ئێمەن, ئەوەش ناکرێت بە حەقیقەت, یەکیان کاك کریم, دووەمیان کاك دلێر, سێیەمیان دکتۆر نوری, وکاك زاناش, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مەبدەئیەن قسەکەی لیژنەی یاسا راستە, بەڵام لە نەتیجەی موناقەشە کە موقتەرەحێك دێتە پێشەوە تازە بێت, ئەو ئەندامەی کە ئیمزای کردووە, خۆ کەلەبچەمان لەدەست نەداوە, بەڵام بڵێ بەداخەوە من ئیمزام کردووە و تەرح کراوە, فەرموو کاك کریم.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەگەر مەسەلەی زیکر کردنی ماددەی 140 زیاتر کەڵکی هەیە بۆ ئەوەی لەو یاسایەدا هەبێت, نەفسی مانا دەگەیەنێت, بۆیە من دەنگم بۆدا, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەزانم نەفسی مانا دەگەیەنێت, منیش لەگەڵ تۆم, فەرموو نوقتەی نیزامی.

**بەڕێز عثمان عبدالله قادر (بانی مارانی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دیارە لە هەموو دانیشتنێکی دنیا کە وەکو جەنابت فەرمووت ئەگەر دەنگەکان وەکو یەك بوون, سەرۆکی پەرلەمان دوو دەنگە حەسم دەکرێت, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەزانی چۆن بوو کاك عوسمان, بەتەخمینی من 35 بە 35 بوو, بە تەخمینی وان 34 بە 35 بوو, ئەگەر بەتەخمینی من بێت راستە, بەڵام خیلاف هەیە 34 بە 35, جارێکی تر دەیدەینە دەنگدانەوە, ئەوەی لەگەڵ ئەوەیە کە ئیزافەی 140 بکرێت دەستی بڵند بکات تکایە؟ کێ لەگەڵ نییە؟ 41 بە 41 و دەنگی منیش لەگەڵ ئەوەیە ئیزافە بکرێت, کەواتە حەسم کرا, بە حەقیقەت خۆی فەرقێکی گەورەی تێدا نییە, بەڵام ئەو تەجروبەیەشمان کرد لە پەرلەماندا سوپاستان دەکەم, من مولاحەزەکەم سەحب دەکەمەوە, کە

36 به 35 بوو, دیار بوو ئەو پێنج شەش دەنگە لەملا و ئەولا دەستیان بەرزنەکردبۆوە, بەڵام لە دەنگداندا دەنگیان دا, ئەوە نەبوو لەبەر پارتی و یەکێتی بێت, سوپاسیان دەکەم, ئەوەی ئێستا کە ئیزافە کراوە لیژنەی قانونی بیخوێنێتەوە, تاکو بیخەینە دەنگدان, خاڵی یەکەم بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعيد بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

العمل على اعادة ربط المناطق المقتطعةمن كوردستان بالاقليم من خلال التعاون مع الحكومة العراقية لتطبيق احكام المادة 140 من الدستور الاتحادي

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ماددەکەیە دەستی بڵند بکات؟ سوپاس, کێ دژیەتی؟ بەزۆرینەی دەنگ پەسەند کرا, ئەوە چونکە خیلافی لەسەر بوو, بۆیە بەجیا دەنگمان لەسەردا, ئەوانی تر هەمووی پێکەوە دەنگی لەسەر دەدەین, ئەو ماددەیەی خیلافی لەسەر بێت و حەسم نەکرێت و تەراجوع نەکەن ئەو تەرەفانە, ئەوە دەیخەینە دەنگدانەوە, فەرموو دووەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

2-التنسيق في السلطات والوزارات الاتحادية في كل ما يتعلق بضمان حقوق اقليم كوردستان واعادة رسم الحدود الادارية لكوردستان وفقا للدستور.

**بەڕێز طارق محمد سعيد جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

2- هەماهەنگی کردن لەگەڵ دەستەڵاتداران و وەزارەتەکانی فیدراڵی دا, لە هەر شتێکدا پێوەندی بە زامنکردنی مافەکانی هەرێمی کوردستانەوە هەبێ و, بۆ سەر لەنوێ دەستنیشانکردنی سنووری ئیداری کوردستان, بەپێی دەستوورەکە.

**بەڕێز شێروان ناصح حيدرى:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لیژنەی یاسا هیچ مولاحەزەیەکمان لەسەر ئەو بڕگەیە نییە, سوپاس.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە پێمان وایە بەم شێوەیە بخوێندرێتەوە:

**هەماهەنگی و هاوکاری کردن لەگەڵ وەزارەتە فیدراڵیەکان لە پێناوی پاراستنی مافەکانی گەلی کوردستان، نەك هەرێمی کوردستان، بەتایبەت کوردستانیانی دەرەوەی کوردستان – عێراق.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**داش نەما، داشەکەمان شەرح کرد و حەسم بوو.**

**بەڕێز ئاريێز عبداللە احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**ئێمە قسەمان هەبوو، وەڵاممان هەبوو بۆ کاك جەنابی وەزیر، کە ئەو قسەی کرد، بەڵام دەرفەت نەبوو، کۆمەڵێك هۆکار هەنە، بەڕای من ئەوە حەسم نابێ، چونکە هەتا ئێمە قانون دابڕێژین هەموو رۆژ ئەو مەسەلەیە دووبارە دەبێتەوە، ئێمە کۆمەڵێك هۆکار هەیە کە پشتی پێ دەبەستین و پێمان وایە رەئیەکەشمان گونجاوتر بووە.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**تۆ رەئیەکەت وایە بەسەرچاو، ئیحترامی رەئیت هەیە، بەڵام ئەمە ئیختیصاصی خۆیان هەیە، لیژنەی قانونیە و وەزیر خۆیەتی و صیاغەیە، وتمان ئەوە یەکەم خاڵ لە قانونەکە پێت دەڵێ هەرێم یانی هەرێمی کوردستانی عێراق، تەواو یانی لە کێ ناوی هەرێم هات واتە هەرێمی کوردستانی عێراق، ئەوە تەواو بووە و شەرحی کردووە، لەبەر ئەوە مەسەلەیەکی قانونیە، منیش فێر بوومە، کە تازە هاتبووم ئەو موستەلەحاتانە فێر بووم، بۆیە وەڵامت دەدەمەوە، وەزیریش هەمان شتی تەئکید کرد، فەرموو.**

**بەڕێز محمد احسان/وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**من پشتیگری رەئیی لیژنەی قانونی دەکەم، سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**باشە با ناوەکان بنووسین، فەرموو کاك جمال.**

**بەڕێز جمال یوسف بۆتانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**(التنسيق مع السلطات و الوزارات الاتحادية في كل مايتعلق بضمان حقوق اقليم و شعب كوردستان و اعادة رسم الحدود الادارية للاقليم وفقا للدستور)لە جوملەیەك دووجار کوردستان تیکرار کراوەتەوە، بەرەئیی من جوملەکە رەکیکە ئەگەر دووبارە بکرێتەوە یەك شت، دوو هەر اقلیم بە تەنیا نابێت شعبیش لەگەڵی هەبێت، اقلیم و شعب کوردستان اعادة رسم الحدود الادارية للاقليم وفقا للدستور , سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**هەرچەند ئەوە ئیشی وەزیرە، بەڵام من پێم وایە حقوق الاقليم (کوردستان)ەکە زیادە، ئێمە وتمان اقلیم لەدەستووری خۆمان لەو رۆژانە دیاری کردووە سنوورەکەی چییە، حەقی اقلیم ئەو ناوچانە بگەڕێنەوە،**

ئینجا رەسمی حدود لەبەر رۆشنایی ماددەی 140 لکوردستان وفقا للدستور, یانی کوردستانی یەکەم زیادە, فەرموو کاك احسان.

**بەڕێز احسان عبدالله قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەمان فیکرەم هەبوو, بەڵام (بضمان حقوق شعب کوردستان) یەکەم جار (واعادة رسم الحدود الاداریة للاقلیم کوردستان) یانی جاری یەکەم (اقلیم)ەکە لابیرێ و شعب لە جێگای دابنێن, دووەم اقلیم ئیزافە بکرێت, وابزانم واتاکە باشتر دێتە پێش, سوپاس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەدانیم کە سوڵتات, چونکە ئێمە دەبێ جیای بکەینەوە, سوڵتات ئێمە سوڵتەی قەزائیمان هەیە, سوڵتەی تەنفیزیمان هەیە و سوڵتەی تەشریعیمان هەیە, کە دەڵێ (التنسیق مع السلطات والادارات الاتحادیة) ئەو وەکو وەزیرێك ناتوانێ تەنسیق بکات لەگەڵ سوڵتەی قەزائی لەگەڵ سوڵتەی تەشریعی و لەگەڵ سوڵتەی تەنفیزی, ئەو بەس دەتوانێ لەگەڵ سوڵتەی تەنفیزیدا کاربکات یان تەنسیق بکات, لەگەڵ ئەوەدام کە سوڵتە نەمێنێ هەر بڵێ ( التنسیق مع الوزارات و الادارات الاتحادیە) چونکە سوڵتە ئەبێ بزانین ئێمە سوڵتە هەر تەنها یەك وشە نییە, سێ سوڵتەمان هەیە ئێمە لەناو عێراقدا, سوپاس.

**بەڕێز محمد احسان/وەزیری ناوچەکانی دەرەوە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لوغەویەن لەگەڵ پێشنیاری کاك جمالم, یەکەم کوردستان زیادە (بضمان حقوق الاقلیم) (الف ولامەکە) زیاد بکرێت, بەڵام (سلطات) بمێنێ, کێشەکانی ئێمە لەگەڵ بەغدا بەس لەسەر سوڵتاتە, تەنفیزیمان نییە, نەك لەسەر سوڵتاتی تەنفیزیە, موشکیلەی ئێمە لەگەڵ جانبی قانونیمان هەیە, موشکیلەمان لەگەڵ قەزا هەیە, موشکیلەمان لەگەڵ محکەمەی ئیتیحادیمان هەیە, موشکیلەمان لەگەڵ پەرلەمانی عێراقی هەیە, چونکە موئەسەسەیەکی حکومەت بە رێگای ئەو موئەسەسە دانوستاندن لەگەڵ هەموو نەوعە سوڵتات دەکەین لەگەڵ حکومەتی عێراق, ئەمە شەرت ئەوە نییە ئێستا حەقیقەت وایە, ئەمە لەهەندێ وڵات پێی دەڵێن (ئینتفەرگریمینتر یونستری) وەزارەتێك کە بتوانێ تەنسیق لە نێوان حکومەتی هەرێم و حکومەتی فیدراڵی, و تائێستاش حکومەتی فیدرالی لەم وڵاتە نەهاتۆتە دی, هەر سەترەکەیە, دەبێت دەزگایەکی حکومی هەبێت, فەراغێك هەیە لای ئێمە لە کوردستان, ئەمە سێ ساڵە لەسەر تەجروبەی حکومەتی هەرێم, لەسەر تەجروبەی هەردوولا, ئەگەر بێی سەیری کێشەکانی ئێمە بکەی لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ, سەبەبی نەبوونی دەزگایەکە کە تەنزیمی ئەم کارانە بکات لەگەڵ حکومەتی فیدرال, تووشی زۆر کێشە بووینە لەسەر میزانیە, لەسەر مەسائیلی قەزا, لەسەر مەحکەمەی عولیا, لەگەڵ پەرلەمان, حەقیقەت غەرەزمان ئەوە بووە, نەك شتێکی تر, زۆر سوپاس.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەر ئەو خاڵە وابزانم گرفت لە تەرجومەکەیەتی, یانی تەرجومەی دەسەلات لە سوڵتات دەستەلاتداران نییە, دەسەلاتەکانە, هەڵەکە لە کوردیەکە دروست بووە, یانی دەسەلاتداران عادەتەن شەخصێکە, بەلام سوڵتات ئەو جیهاتە مەشروعە تەشریعانەیە کە لەپەرلەمان سوڵتەی قەزائین, وەکو سوڵتەی یاسایی وئەوانە, گرفتەکە لەوەدایە, منیش پێم وایە ئیش لەسەر ئەو ناوچانە بکات کە دابڕاون, من قسەکەم لەسەر ئەوەیە سەرەتا تەنسیق کە لە کوردیەکە بە هەماهەنگ هاتووە, هەماهەنگی یانی تەزامون, تەنسیق یانی هاریکاری, هەماهەنگی هەڵەیە, ئەبێ بڵێین هاریکاری لەگەڵ وەزارەتەکانی عێراقی فیدراڵدا, نەك هەماهەنگی, هەماهەنگی یانی تەزامون, ئەمە وەکو زمانەوانی, لەوەی تردا (فیما یتعلق بضمان حقوق اقلیم کوردستان) ئیتر حقوقی ئیقلیمی کوردستان یانی ئەرازی دەگرێتەوە, حقوقی ماددی دەگرێتەوە, حقوقی مەعنەوی دەگرێتەوە, لێرە کە واوێکی بۆ داناوە (واعادة رسم المناطق الاداریة) بەشێکە لە حقوقی ئیقلیمی کوردستان, لە ئەصڵدا موتەزەمینە, بەلام بۆ ئەوەی زیاتر لێی قووڵ ببینەوە, ئەبێ جیای بکەینەوە, بڵێین یان (ومنها) بۆ گرنگی پێدان, یانی ئەو خاڵە لەهەموویان بە گرنگی تر سەیری بکەین, ئەگینا خۆی ئەوە کافیە بڵێین (بضمان حقوق اقلیم کوردستان) یانی ئیداریەکەی و مەناتیقەی بەشێکە لە حەقی, یانی خاك بەشێکە لەم ئیقلیمە, لەهەموو دنیا وایە, یانی حکومەت هەیە بریتی یە لە خاك و خەڵك و ئەو ئیدارەی کە هەیە کە ئەڵێن حقوقی شەعبی کوردستان خاکەکەش دەگرێتەوە, ئەو مەناتیقانەش دەگرێتەوە, بەلام بۆ زیاتر ئیهتیمام, یان ئەبێ بڵێین (ومنها) یان بڵێین (وبالاخص), یانی گرنگیەکی زیاتر بدەین بەوە, لای ئێمە ئەوە زۆرە, نەڵێین (وفقا للدستور), ئاگامان لێ بێت لەدەستوور بەراستی من بۆ ئەو ماددەیەی پێشیش ئەو ئیقتیراحەم هەبووە, یانی ماددەی یەکەم کە بڵێین ماددەی 140 (المناطق المشمولة بالمادة 140) چونکە (وفقا للدستور) دەستوور هێشتا ماددەی 103 لە دەستووری عێراقی موەقەت هاتۆتە ئێرەش, ئەم دەستوورە هەمیشە دژایەتیەکی هەیە بەرامبەر ماددەی 140, ئەبێ ئاگامان لێ بێت, ئێمە ئەبێ زیاتر گرنگی بە ماددەی 140 بدەین, یانی لێرەش نەڵێین وفقا للدستور, بەڵکو بڵێین بەپێی مادەی 140, سوپاس.

**بەڕێز حاتم محمد جان حسن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

تەقریبەن ئەوەی کاك محمد فرج باسی کرد ئەوەی منیش هەر ئەوەیە, بەلام من ئەوەی وەکو تەعبیرێك وەکو صیغەیەکی باش حەز دەکەم بیخوێنمەوە, (هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتەکانی فیدراڵ لە هەر شتێکدا پەیوەندی بە مافەکانی هەرێمی کوردستانەوە هەبێت بە گوێرەی ماددەی 140 لە دەستووری هەمیشەیی عێراق) سوپاس.

**بەڕێز جعفر مصطفى معروف:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پێشنیارێكم هەیە ماددەی سێ, بڕگەی دوو ئەگەر ئەوە زیاد بكرێت (مافەكانی هەرێمی كوردستان هەبێت و بۆ سەرلەنوێ دەستنیشان كردنی سنووری ئیدارەی كوردستان) زیاد بكرێت, یانی بەپێی جوغرافیای پێشوو, یانی دیاریكردنی سنووری ئیدارە كوردستان بە پێی ئەو ناوچانەیە كە جوغرافیا و مێژووی كوردستان دەگرێتەوە, ئەوە یەك, دوو كاك عزالدین رایەكی هەبوو ئەڵێ ئەو دەستوورەی دیاریكردووە, دەستووری هەرێمی كوردستان, دەستووری عێراقە, و بەپێی دەستوور دەستوورەكە دیار نییە, زۆر وازح نییە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز عادل محمد امین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئەم بڕگە ئەگەر بەم شێوەیە بە موتڵەقی وەریبگرین, بەرای من ئەوە پێچەوانەی ماددەی دووی قانونی سەرۆكی هەرێمە, لەبەر ئەوەی لەوێ ئەڵێ سەرۆكی هەرێم (یتولى تنسیق بین السلطات الاتحادیة وسلطات الاقلیم) ئەوەی كە سۆزان خان وتی, بەراستی سوڵتات لە موستەلەحی قانونی سوڵتاتی تەنفیزی و تەشریعی و قەزائی ئەگرێتەوە, ئەگەر ئێمە تەماشای بكەین, یانی بەراستی ئەوە پێچەوانەی ئەو ماددەیە ئەگەر ئێمە بێتو بە موتڵەقی وەریبگرین, سوپاس.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

(التنسیق مع السلطات والوزارات الاتحادیة في كل ما یتعلق بضمان حقوق شعب كوردستان و اعادة رسم الحدود الاداریة للاقلیم) بەبێ ئەوەی باس لە دەستوور بكەین, هەتا ماددەی 140یش چونكە كۆمەڵێك ئێستا لایەنی دەرەكی و ناوەكیش ئێستاكە لە هەوڵ و تێكۆشاندان, بۆ ئەوەی كەوا ناوەڕۆكی ئەو ماددەیەش پوچەڵ بكرێتەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وەڵڵا منیش ئەگەر كاك دكتۆر ئیحسان ئیجازەم بدات و لیژنەی قانونیش, پێم وایە ئەو مولاحەزەیەی كاك عادل دای دەبێ رەچاو بكرێت, یانی شتێك نەنووسین لەگەڵ ئیختیصاصاتی حكومەت و سەرۆكی حكومەت و سەرۆكی هەرێم تەناقوض بكات, لەبەر ئەوە من پێم باشە لێرە بنووسرێ ( التنسیق مع السلطات والوزارات الاتحادیة في كل ما یتعلق بضمان حقوق شعب كوردستان في حدود صلاحیات الوزارة), ئەگەر ئەوە نەنووسی لەگەڵ دەسەڵاتی حكومەت تێكەڵاو دەبێت, ئێمە لێرە لە صەلاحیاتی سەرۆكی هەرێمدا ئەو مونەسیقە لەگەڵ حكومەتی فیدراڵ, دەسەڵاتی حوكمەت ئەو نووسراوە بە روونی لەوێ نووسراوە, دووەمیش وەزارەتەكەش زیادە,(التنسیق مع السلطات) عام دەگرێتەوە, چونكە لەگەڵ ئەوە نیم بەس لەگەڵ وەزارەتەكان بێت, لەگەڵ سوڵتاتیش دەتوانێ بیكات, لەگەڵ سوڵتەی تەشریعیش دەتوانێ بیكات, كوتلەیەكی تەحالوفی كوردستانی هەیە هەندێ مەسائیلی هەیە دەیەوێ لە پەرلەمانی عێراق ئیسارەی بكات, دەبێ

ئتيسال و تەنسيقيان لەگەڵ بكات, بەڵام شتێك بڵێن لە دەسەڵاتەكەيدا كە لەسنووری واجباتی وەزارەتەكە, كە تەنفيزی ماددەی 140 ە, ئەوە تەنسيق لەگەڵ سوڵتات (بضمان حقوق شعب كوردستان), هەمووی دەگرێتەوە, بەڵام ئەگەر بڵێی (لتطبيق المادة 140) ئەوە ئيمكان هەيە جائيزە, (لتطبيق الواجبات المرسومة للوزارة) يان (لمهام الوزارة) شتێكی وا دەبێت, فەرموو كاك نوری.

**بەڕێز د. نوری جميل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ڕوونكردنەوەيەكم هەيە, ئەو وەزارەتە و وەزارەتەكانی تری ئەنجومەنی وەزيران, هەروەكو لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی كوردستاندا هاتووە و ئاماژەمان بۆ كردووە ئەرك و كارەكانيان هەمووی لە ژێرچاودێری سەرۆكی هەرێمی كوردستان جێبەجێ دەكەن, لەبەر ئەوە وەزارەت بەشێكە لەو دەسەڵاتە گەورەيەی كە پێی دەوترێت دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن, كارەكانی هەر لە خۆيەوە ناكات هەر لە ژێر چاودێری سەرۆكی هەرێمی كوردستانەوە دەيكات, سوپاس.

**بەڕێز محمد احسان/وەزيری ناوچەكانی دەرەوەی هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

دەتوانين ئێمە زۆر خۆمان نەكەينە صاحێب لە مادده 140, ماددەی 140 يەكێكە لە وەسائيلی جێبەجێ كردنی بۆ گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانە بۆ سەر هەرێمی كوردستان, مانای ئەوە نييە وەك عەرەب دەڵێن (خلي كل بيضات نفس اللون وحدة) مانای يەك پيلانمان هەيە بۆ گەڕاندنەوەی ئەو ناوچانە تەنيا ماددەی 140 بێت, وماددەی 140 يەك وەختی هەيە عەمەلی, ماددەی 140 ڕێگايەكە, نەك لە ماددەيەكی تر خۆمان لەو كێشەيە ڕزگار بكەين, نەك هەر ماددەيەك بێت بڵێين وەڵڵا ماددەی 140 و ماددەی 140و تا دوايی, لە ديباجەكە هاتووە, ئەتوانين مديريەتێكی عام لەسەر پێشنياری ئێوە ئيزافەی بكەين بۆ جێبەجێ كردنی ماددەی 140, ئەوەش لە ئاخيردا دەتوانين بەبڕيارێك بێت, يان مديريەتێكی عام كە زۆر لە دەسەڵاتی وەزيرەو كە پەرلەمان ئەو صەلاحيەتەی بە هەر وەزيرێك دايە, كە ئيزافەی مديريەتێك يان فەرعێك بكات, هەتا (خارج مناطق متقطعة) بێت, ئەو پێشنيارەشمان هەيە, ئەگەر ئێمە لە ئێستاوە لەسەر پێشنياری جەنابت ئێمە لە مەرحەلەی مهامين, پێويست دەكات لەم مەرحەلەيە و لەم ماددەيە مەهامی وەزارەت دياری بكەين, يانی پێشنياری جەنابت بە حەقيقەت كەمايەتيەكی تێدا هەيە, پێويستە ئێمە لەم وزوحی مەهامەتە دياری بكەين, نەك بڵێين (ضمن مهام الوزارة) وەزارەت تا ئێستا ئێمە لە خانەی دووەمين, ئەگەر دياری نەكەين.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئيجازەم بدەی يەك حەرف شەتب بكەين, ڕەنگە عەينی مەهام بگەيەنێ, ئەو (واو)ە لابدەين بيكەينە (لام), (لاعادة) بێ واو, ئەوە حقوقی شەعبی كوردستان لێرە عەينی مەفهومەكەی من دەگرێتەوە,

**لەحياتى (واعادة) بكرێتە (لاعادة رسم الحدود الادارية لكوردستان) بەپێی دەستورەکە باشە, فەرموو كاك دكتۆر.**

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. كمال كركوكى):**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

**ئەگەر ئیجازەم بدەن, دەمەوێ بە حەقیقەت بزانن کە ئەم وەزارەتە وەزارەتێكى زۆر زۆر موهیمە, و بەتەواو بوونى جێبەجێ كردنى ماددەى 140 یش كارى تەواو نابێت, بەردەوام دەبێت, یانى ئەمە لە مێشكمان دەركەین كە ماددەى 140 جێبەجێ بوو ئەم وەزارەتە كارى تەواو دەبێت, ئەمە نییە بۆ مەعلوماتى هەموو ئەو بەڕێزانە, كارەكەشى شاملە كە ئێمە وەكو كاك دكتۆر وتی لە هەموو دنیادا ئەگەر هەر بڵێین ماددەى 140, یانى بەیانى ئەبێ عیمارەیش بهێنینەوە سەر هەرێمی كوردستان وەك پێش ئێستا بڕیارتان لێدا, بەراستى ئەبێ زۆر ورد بین و دووربین بین, ئیشى ئەو مەنتیقانە زۆر گرنگە, ناوچە دابڕاوەكان زۆر گرنگە, بەڵام هەموو شتێكیش رەبت نەكەین وەكو كاك دكتۆر نورى وتى, من سەدى سەد لەگەڵ رایەكەى كاك دكتۆر نیم هەموو شتێك تەرەفێك بێت كە ئەم وەزارەتە دانراوە و مەشاكیلمان لەگەڵ عێراق زۆرە, لە هەموو روویەكەوە, لەوەزاراتى موختەلەف, لە دائیرە, هەتاكو لە ئیدارەى موحافەزەیەكیش مەشاكیل و كێشەمان دەبێت, ئەم وەزارەتە ئالیەتى خۆى هەیە, وەڵامگۆى ئەو كێشانەى كردووە و چارەسەرى بكات و لەبن كۆنترۆڵی حكومەتى هەرێمی كوردستان و سەرۆكى هەرێمی كوردستان و ئەم پەرلەمانە بێت, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

**رەنگە من ئیختیلافێكم هەبێ لەگەڵ دكتۆر كەمالدا, ئەبوایە ماددەى 140 جێ بەجێ ببێ وكارى ئەم وەزارەتە نامێنێ, یان ئەبێ ناوى بگۆڕێ, چونكە ئەگەر وتت وەزیرى هەرێم بۆ كاروبارى دەرەوە دەبێتە ناو هەرێم, بەپێی تێگەیشتن و مەفهومەكە, فەرموو.**

**بەڕێز محمد احسان/وەزیرى ناوچەكانى دەرەوەى هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

**تۆ دەڵێی وەزیرى كاروبارى دەرەوەى هەرێم, وەزیرى كاروبارى دەرەوە نییە, كاروبارى ناوچەكانى دەرەوەى هەرێم, فەرقێكى زۆر هەیە, ئەگەر بڵێی ناوچەكانى دەرەوەى هەرێم و كاروبارى دەرەوەى هەرێم.**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن:**

**ئەى كە ناوچەكان گەڕانەوە ناو هەرێم ناگۆڕێ, مەهامیشت دەگۆڕێ, مهامى ئەساسى ئەوەیە بیگەڕێنیەوە سەر هەرێمی كوردستان, لە ناحیەى ئیدارى و جێبەجێ كردنى كە گەڕایەوە دەبێ ناوەكەى بگۆڕى, فەرموو كاك ادهم.**

**بەڕێز ادهم عثمان احمد بارزانى:**

**بەڕێز سەرۆكى ئەنجومەن.**

ئەڤێ ئاخافتنێ دیماهێ جەنابێتە و جەنابێ وەزیرێ, براست ئەز لێرە مەوزعێك دێت لێرە ئەبینم, وەكی جەنابێتە دبێژی ئەگەر سوبە ئەڤ مەنتیقەی دەرەڤەی هەرێمێ بگەڕیا نەفسی هەرێمێ, ئا یا مەعنا ڤە نابێ وەزارەتێ پاشی چییە, یانێ پێ بێژین ئیکسپایەر بێت, كاری وی نامێنێ, بەڵێ لە ئەصڵدا ئەز هۆ بوو, بەپێی دەستوورا عێراقێ چێ نابێتە هەرێمدا مە وەزارەتێك ناڤێ وەزارەتێ خارجی هەبێت, بەرەئیا من ڤە وەزارەت چ شتێك لە ناڤەییە یان دەورەكا لە وەزارەتا خارجیە بێنێت, مە بەحسێن وەزارەتێت كرد بەندایەك كو جەنابتە یەخستێتە دەنگدانێ و بە رەئیا جەنابێتە زۆربەی دەنگ بەس بۆ هەندێ بێ مادده 140 كەفتە تێدا, هەندەكا برایا گۆ ئەمی لەگەڵ 140 داین, ئایا كێ لەگەڵ 140دا نابێت, لێرەدا هاتنە مادده 140 بۆ ئێك لە مەهامێ وەزارەتێ دیسان بەرەئیا من و بە بۆچونا من و هەمی بۆچوونا جێی رێز و تەقدیرا, لێرا لە مەهامێ ڤێ وەزارەتێكێ زەعیف دەكا, لە حەقیقەتدا مەهامێ ڤێ وەزارەت مەهامێكی مەزترە, هیچ شتێك لە مەهامێ كەركووك مەزتر نییە یانێ جێی ئەوێ نەبێ لوكیل وەزارەت مەهامێ وەزیر مەزترە لەڤێ هەندێ, دەورەكا نیمچا وەزارەتا خارجی, یاد بینین نەك بۆ ئەمرۆ بۆ سبا بۆ داهاتیا كوردستانێ, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

لیژنەی قانونی پێتان چۆنە ئەگەر ئەو واوە لاببەین ببێتە (لاعادە) ئەو ئیشكال و ئەوانە ئیجماعێكی لەسەر دەبێت, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ئێمە مانعمان نییە ئیزافە بكرێ لامەكە, بەڵام یەك دوو مولاحەزەی بچوكمان هەیە ئەگەر لێمان وەربگری, یەكەم ئێمە لەگەڵ ئەوە نین ماددەی 140 تیكرار بێتەوە لە فەقەرەكە, بەشێك وەكو مەبدەئێك, لێرە تەنیا مانعمان نییە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

یانی (دفعاً للاشكال), بۆ ئەوەی لەگەڵ دەسەڵاتی سەرۆكی هەرێم تێكەڵاوی نەبێت, ئەوان دەسەڵاتی خۆیانە, فەرموو.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەو كیتابەی كە دەرچووە لە ئەنجومەنی وەزیرانی عێراقەوە كە بە ئیمزای بەڕێز نوری مالیكیەوەیە, ناوی وەزیری دەرەوەی هەرێم نەهاتووە وەكو مەنصب, بەڵكو نووسراوە (ممثل عن اقليم كوردستان) یعنی ئەوان هەتا ئێستا وەكو تەنزیمی عیلاقەی بەینی هەرێم و مەركەز نەكراوە, لەبەر ئەوە كە تۆ باس لەوە دەكەی, ئێستاش سوورم لەسەر ئەوەی كە ئەڵێ سوڵتات وەزارەتێك لە هەرێمێك كە ناتوانێ نە لەگەڵ سوڵتەی

**تەنفیزی و نە لەگەڵ سوڵتەی تەشریعی ونەلەگەڵ قەزائی یا راستەوخۆ کار بکات, بەس خاڵەکەی من ئەوەیە, سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**نەخێر دەتوانی وەختێ بەناوی حکومەتەوە چوون, بەکەیفی خۆیان نییە, ئێستا ئەوان مومەسل عن الاقلیم یانی ئیعتیرازمان کردووە, پێشمان وتون وەزیری هەرێم بۆ ناوچەکانی دەرەوە, بەکەیفی خۆیان نییە, ئەگەر ئەو جوملەیەش کە حەقی خۆیەتی هەندێ برادەر پێشنیاریان کرد (التنسیق مع الوزارات الاتحادیة مع کل ما یتعلق بضمان حقوق شعب کوردستان) لەجیاتی ئیقلیم کوردستان دەکرێ بڵێت (شعب کوردستان) (لاعادە رسم الحدود) ئەگەر مانعتان نییە, وابزانم ئەو موداخەلاتانە بەو شێوەیە ئیشباعی دەکات, ئەگەر جەنابی وەزیریش پێی باشە, فەرموو کاك محمد فرج.**

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**یانی کە ئێمە دەڵێین حقوق, حقوق عەینی یە و مەعنەویە, ئینجا کە دەڵێین حکومەتیش وازیحە, یانی حکومەت ئەرزە و خەڵکە, یانی کە جەنابت دەڵێی بۆ, (لاعادە) مانای وایە هەر ئەوە ئەصڵە لێرە, ئەی مافەکانی تر.........**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**کاکە وەزارەت, ئەو وەزارەتە تەنسیق دەکات لەگەڵ سوڵتاتی ئیتیحادی.**

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**بەڵێ وەزارەت, ئەگەر تەماشای مەهامەکانی تری بکەی تەنیا ئیشی هەر ئەمەیە, ئەو دوو شتە بگرێتەوە, شتەکانی تری هەمووی بۆ شتی ترە, مەسەلەن تەنسیقەکە لەگەڵ حکومەتی ئیتیحادیە بۆ ئیتیفاقی ترە, مەبەستم ئەوەیە لەهیچ شوێنێکی تردا ئەم ئیشانە بەم خەستیە نایەت کە باس لە حقوقەکان بکات بە شێوەیەکی گشتی, من ئەڵێم هەر لەسەر ئەوەی پێشووم بڵێین (ضمان حقوق اقلیم کوردستان ومنها اعادة) یانی گرنگیەکی زیاتر بدەین بەوە, یاخود (بالاخص), سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**نەخێر کاکە, دیارە لە موناقەشەکانمان تێ نەگەیشتی, وتمان تێکەڵاوی نەبێت بەینی دەسەڵاتی سەرۆکی هەرێم و دەسەڵاتی ئەم وەزارەتە, ئەگەر نەڵێی (لاعادە) حەصری نەکەین و وای بەجێبێڵین لەگەڵ دەسەڵاتی هەرێم کە یەك لە (تنسیق مع سلطات الاقلیم و سلطات الاتحادیة), بەڵام ئەوە حەصرت کرد (لاعادة).**

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئاخر جەنابت هەرچی حقوقی شەعبی کوردستان هەیە ئەیگێڕیتەوە بە ڕەسمی حدودی ئەوە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەنیسبەت ئەو وەزارەتەوە, بەنسبەت ئەو وەزارەتەوە ئەیگێڕمەوە بۆ ئەوە, کاکە بنووسن (للاقلیم) جوانترە, ئەوەی یەکەم بمێنێ (حقوق شعب کوردستان لاعادە رسم الحدود الاداریە للاقلیم) ئەوە مەفهومترە, صیغەکە بخوێنەوە.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

2-التنسیق مع السلطات والوزارات الاتحادیة في کل ما یتعلق بضمان حقوق شعب اقلیم کوردستان لاعادة رسم الحدود الاداریة للاقلیم وفقا للدستور.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لێرە وابزانم وەزاراتیش زیادە, هەر سوڵتات بەس نییە, بوترێت (التنسیق مع السلطات الاتحادیة في کل ما یتعلق بضمان حقوق شعب اقلیم کوردستان لاعادة رسم الحدود الاداریة للاقلیم) کەس موعارز هەیە لەوە کە وتمان, دوو کەس موعارزە, مادام ئیعتیراز هەیە بیخوێنەوە با بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز عونی کمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

2-(التنسیق مع السلطات الاتحادیة في کل ما یتعلق بضمان حقوق شعب اقلیم کوردستان لاعادة رسم الحدود الاداریة للاقلیم

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو نەصەیە دەستی بڵند بکات؟ سوپاس, کێ لەگەڵی نییە؟ بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا, سێیەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

3-التنسیق مع الاقالیم الاخری في العراق.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

3- هەماهەنگی کردن لەگەڵ هەرێمەکانی دیکەی عێراقدا.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی پەیوەندیەکان ئێوە هیچتان هەیە, فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

نەخێر تەنیا (دیکە) بکرێتە (ئیتر), سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یانی من نازانم لەئێوەش دەپرسم ئایا هێشتا ئەقالیم دروست نەبووە, بۆیە ئێمە تەوەقوع بکەین کە ئەقالیم هەیە و شتی وا هەیە, یانی کاک احسان مەنتیقی ئەوە چییە, فەرموو.

**بەڕێز محمد احسان/وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەستووری عێراق هەیە و ئەقالیمی موحافەزاتیش, (تشکل) ئێستا موحافەزەت هەیە و هەندێك موحافەزاتیش لە شێوەی ئیقلیم دان, ئەمە پێویستە لە دەزگایەکی حکومی هەبێت, دەزگایەك هەبێت کە بتوانێت تەنسیقێك لەگەڵ ئەو ئەقالیمی موحافەزانە بکات, لەگەڵ زۆر شتی موشتەرەکمان هەیە فیکرەی فیدراڵیەت موحافەزاتی کۆن نییە, با تێبگەین, با خۆمان تێبگەیەنین, لازمە کۆمەڵێکمان هەبێت لەگەڵیان قسە بکەین, نەك موحافز لەگەڵ موحافز, حدودی لەگەڵ حدودی, یان ئیقلیم, لازمە بە کۆمەڵێکی رەسمی هەبێت لە رێگای حکومەت, لەسەر ئەو ئەساسەمان داناوە, ئێستا زۆر مەشاکیلمان هەیە لەگەڵ ئیقلیم, موشکیلەی کێشەی ئیداریت هەیە لەگەڵ موحافەزەی موصڵ, لەگەڵ موحافەزەی صەلاحەدین, لەگەڵ جێگایەکی تر, عیلاقاتی تیجاریت هەبێت, مەشاکیلی تەسویق و ئیدارەت هەبێت لەگەڵ ئیقلیمی جنوب, یان ئیقلیمی وەسەت, یان ئیقلیمێکی تر کە بێتە دامەزراندن لەم وڵاتە, پێویستە دەزگایەك هەبێت کە تەنسیق لەگەڵ ئەوانە بکات, ئێمە بۆچوونمان ئەوەیە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بزانین لەسەر ئەو بڕگەیە کێ دەیەوێ قسە بکات, کاك سردار فەرموو.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ بۆچوونی جەنابتانم بە حەقیقەت ئێمە تاکو ئێستا هیچ هەرێمێکی ترمان نییە, تاکو ئەوە هەبێت, ئینجا نابێ وەزیر باسی ئەوە دەکات کە لە عێراق ئێستا هەندێك موحافەزە هەیە شێوەی هەرێمی وەرگرتووە, ئەوە ئیستیناد ناکات جەنابی وەزیر, بەڵکو زێدەرۆییان کردووە لەقانون, وەکو موحافەزەی بەصراو محافەزەکانی تر, لەگەڵ موصڵ و ئەو شوێنانە کە مەشاکیلمان هەیە, ئێمە لەگەڵ محافەزان موشکیلەمان نییە, لەگەڵ مەرکەز موشکیلەمان هەیە, موشکیلەمان لەگەڵ مەرکەز حەل دەبێت, نەك لەگەڵ موصڵ یان کەرکووك یان شوێنێکی تر, پێم وایە ماددەکە کە وا نووسراوە (التنسيق مع اقاليم اخرى في العراق) نوقصانە, تەنسیق لەبۆ چی, لێرە دەبێ تەوزیح بدەی, (لضمان اعادة ربط مناطق المستقطعة بالاقليم), سوپاس.

**بەڕێز فتاح عبدالله نقشبندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم دەمجی ئەو فەقەرەیە بکرێ لەگەڵ فەقەرەی شەشدا, چونکە لەوێ (التنسيق مع الاقاليم الاخرى في العراق) لەوێش هاتووە (تشجيع العلاقات الثقافية و التجارية والاقتصادية بين الاقليم والاقاليم

الاخرى)، ئەگەر بڵێین (التنسيق و تطوير وتشجيع العلاقات الثقافية والتجارية بين الاقليم والاقاليم الاخرى)، من پێم وایە ماناکەی هەردووکی دەگەیەنێت، سوپاس.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی سێدا شئونی تەنسیقەکە دیاری نەکراوە، تەنسیق بۆچی؟ لە ماددە شەشدا دیاریکراوە، ئەگەر بکرێ لێرەش دیاری بکرێ بۆچییە، دیفاعیە، ئەمنیە، رۆشنبیریە، شئونەکان دیاری بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

موشکیلەی من زیاتر وازح دەکات، ئەم خاڵە هیچ عیلاقەی بەو وەزارەتەوە نییە، بەرەئیی من ئەگەر بنووسرێ لە موستەقبەل ئەگەر ئەقالیم دروست کرا، ئەبێ وەزارەتێکی تایبەتی دروست بکرێت، بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندییە بکات، ئیشی ئەم وەزارەتە بەحەقیقەت ئەبوایە لیژنەی یاسایی زیاتر وردەکاری تێدا بکردبایە، من تەبیعی وەکو وتم زۆر سوپاسیان دەکەم کە ئەوەیان دیاریکردووە، بەڵام نەیانتوانیوە تەحدیدی ئیشەکانی ئەم وەزارەتە بکەن، ئەم وەزارەتە وەزارەتی دەرەوە نییە، وەزارەتی چارەسەرکردنی و گەڕانەوەی ئەو ناوچانەیە بۆ ئیقلیمی کوردستان، زۆر سوپاس.

**بەڕێز عثمان احمد حمدامین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی دوو مولاحەزەم هەبوو، یەکیان برادەران باسیان کرد، بەڵام مولاحەزەی دووەمم (تنسيق) بەتەنیا زەعیفە، بگوترێت تەنسیق وتەعاون لەگەڵ هەرێمەکانی دیکەی عێراق، ئەوە بەقوەت ترە لە رووی صیاغە و داڕشتنەوە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یانی بڕێك دەبێت شی بکرێتەوە، دەبێ تەفصیلاتی پێ بدەی، ئەگینا نابێ وا، من خۆم نازانم صیغەکە ئەگینا وام پێ باشە، (التنسيق مع المحافظات والاقاليم التي ستتشكل او في حال اذا تشكلت فيما يتعلق بالمناطق الكوردستانية خارج الاقليم) یانی شتێکی وا، نازانم لیژنەی قانونی رای چییە، فەرموو.

**بەڕێز د.محمد احسان/وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ رایەکەی جەنابتم (التنسيق والتعاون مع المحافظات والاقاليم الاخرى التي تشكل داخل العراق) بێین تەحدیدی مەناتیقی موتەنازع علیها بکەین، لەبەر ئەمە بە حەقیقەت فەراغێکی تەواوت بۆ پەیدا دەکات، مانای تۆ ناتوانی تەعاون و ئیتصال لەگەڵ هەر موحافەزەیەکی تر بکەی لە عێراق، فەرقیش لە

مابەینی فەقەرەی سێ و فەقەرەی شەش, فەقەرەی سێ باسی داخلی عێراق دەکات, فەقەرەی شەش ماددەیەکی صەریح هەیە لە دەستووری عێراقی لە صەلاحیاتی ئەقالیم (تطویر العلاقات من حق الاقالیم تطویر العلاقات الثقافیة و الاجتماعیة و الانمائیة بین الاقالیم الاخری) ئەو صەلاحیاتە لەدەستووری عێراقی لە فەقەرەی چوارلە ماددەی 121 لە دەستووردا هەیە, ئەمە جیاوازیەکە لەنێوان هەردووکیاندایە, لەفەقەرەی سێش حەقێکی قانونی و فەراغێکی هەیە کە دوایی ناتوانن تەنزیمی عیلاقات بکات لە مابەینی ئەقالیمی کە دروست دەکرێن و محافەزەکانی ئێستا, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە زۆر سوپاس, کاک فرسەت رستەیەکی وت وەسەت بێ لە مابەینی شتەکان, یانی بڵێین (التنسیق مع المحافظات والاقالیم التي ستتشکل في المجالات التي یحددها مجلس وزراء الاقلیم), یانی مەجلیس وزەرای خۆمان, کاک فرسەت رەئیی وایە نابێ بڵێی ستتشکل, د. نوری فەرموو.

**بەڕێز د. نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە باسی پاشەرۆژ دەکەین کە لەدەستووری عێراقی باسی کردووە کە هەرێمی تر دروست دەبێت, من صیغەیەکی ترم نووسیوەتەوە, (التنسیق مع الاقالیم الاخری في العراق في کل ما یتعلق بتشجیع العلاقات الثقافیة والتجاریة و الاقتصادیة والشؤون الاخری) سوپاس.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە ماددەی 117ی دەستووری عێراقیدا هاتووە (2- یقر هذا الدستور الاقالیم الجدیدة التي تؤسس وفقاً لاحکام), هاتووە لە دەستوور, سوپاس.

**بەڕێز د. فؤاد احمد محمد بابان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەمە تەنها بەعزە گۆڕانی تێدا بکرێت, چونکە باسی ئەوە کراوە کە ئەقالیم هەیە لە عێراق, ئێمە بەپێی دەستووری عێراق کە هاتووە کە ئەقالیم لە ئایندەدا دروست دەبێت, من دەڵێم خراپ نییە ئەگەر بڵێین (التنسیق مع الاقالیم الاخری فی العراق الاتحادی) سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەزانی چۆنە, ئەوە زیاتر حەقی لیژنەی قانونیە, ئەوان زیاتر حەسمی ئەو مەوزوعە بکەن, تۆ وتت بە رووتی (التنسیق مع الاقالیم الاخری) ئەقالیم دروست نەبووە, ئەو ماددەیە ئەگەر تۆ لە قانون داتناوە, ناڵێ کوا ئەقالیم, خۆ ئیشی ئەو لیژنەیەش ئێستایە, خیلافێك هەیە لەسەر دروست کردنی ئەقالیم, خەڵکێك

هەیە داوا دەکەن ئەو ماددەیەش هین بکات, تۆ لێرەوە فەرزی بکەی, ئەگەر (ستۆسس) نەنووسی, لیژنەی قانونی ئێوە چ دەڵێن, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بەپێی ئەو مولاحەزەتانە دەبێ صیغەیەکی تر دابنێین بەراستی, ئەو صیغەیەش ئەو ئەقالیمە بگرێتەوە کە دروست دەبێت, بۆ ئەوەی بتوانی تەنسیق بەینی ئەو وەزارەتە و ئەو ئیقلیمە بکەی, مەبدەئەکە بەو شکلەیە, ئەگەر مەجالمان بدەیێ صیغەیەکی تر دابنێین, ئەمەش هەندێك وەختی دەوێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حەز دەکەن تەئجیلی بکەین تاکو هەندێك پرسی تریش بکەین, بیرێکی تریشی لێ بکەینەوە, فەرموو محمد فرج.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من وائەزانم فەراغێکی دەستووری هەیە, لە عێراقدا دوو ئەنجومەن هەیە, هیچێکیان ئێستا دەست بەکار نین لە مەجلیسی ئەقالیم, ئەوە مەسەلەیەکی زۆر گرنگە, ئەو کارە لەوێ دەکرێ یانی بە موتڵەقی, تەنسیق لە بەینی ئەقالیمەکاندا لە مەجلیسی ئەقالیم دەکرێ, یانی لە عێراقەوە تا ئێستا نەکراوە, ئەمەش فەراغێکی دەستووریە و ئەبێ بکرێ, بەڵام ئەوەی کە وەزیر وتی شتێکی تەواوە, من دەڵێم دووەم و شەشەم بکەین بەیەك, عەفو بڕگەی سێیەم و شەشەم بکەین بەیەك, یانی تەنسیق و تشجیع ئەبێ شتێك هەبێت, زەرووره و واجبە, ئەبێ شتێك لە مابەینی ئەو ئەقالیمانە هەبێت, نەشترسین بڵێین ئەقالیم بۆ, مادام لە دەستووردا دوو مەجلیس هەیە, ئەبێ ئەو دروست ببێ, لە عەرەبیدا شتێك دەڵێن (باعتبار ما سیکون) یانی تۆ دەتوانی بنووسی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە جیاوازە, شەشەم جیاوازە.

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

مەبەستم سێیەم نەمێنێ, چونکە ئەوە ئیشی ئەو مەجلیسەیە, ئیشی مەجلیسی ئەقالیمە, بە موتڵەقی, بەڵام ئەمە وەکو وەزارەت دەیەوێ لەگەڵ ئەو ئەقالیمانە پەیوەندییەکی هەبێت, پەیوەندی هەرچەند بڵێی وابزانم ئەوە شتێکی قانونی و دروستە, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من دەڵێم ئەو خاڵە تەئجیل بکەین و دوای بخەین, فەرموو کاك شێروان.

**بەڕێز محمد احسان/وەزیری ناوچەكانی دەرەوەی هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەرای من محافزات ئیزافە بكەین, لەبەر ئەوەی ئەو محافەزاتانەی كە ئێستا كاردەكەن لە عێراق, كارناكەن وەك محافەزاتی كە ئێمە تێی دەگەین پێشتر, یان مەحافەزاتی ئەمڕۆی كوردستانن, مەحافەزەتەكان هەمووی لە عێراق وا كاردەكەن وەكو ئەوەی كە ئیقلیمن, بەحەقیقەت میزانیەی خۆیان هەیە ومەجلیسی خۆیان هەیەو كاری خۆیان دەكەن وەكو ئیقلیم, هیچ رەبتێكیش لەنێوان حكومەت و ئەواندا نییە, ئیستیقلالیەتێكی تەواویان هەیە, یانی ئێمە قەد وا بیر نەكەینەوە كە بەس ئێمە ئیستیقلالیەكی وامان هەیە لە كوردستان ئێمە ئیقلیمین, بۆ نموونە مەجلیس محافەزەی سەماوە وا تەصەروف دەكات كە وەكو ئیقلیمێكی تەواوە.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەزانی چی حەسمێك بۆ ئەوە, (التنسیق مع المحافظات والاقالیم التي ستؤسس) ئەوە لێرە لە دەستوورەكە هاتووە (التنسیق والتعاون مع الاقالیم والمحافظات الغیر منتظم في الاقلیم في المجالات التي تحددها مجلس الوزراء) ئەوە پاشی كە تەشكیل دەبێت, ئەوە نابێت, هێشتا قانون دروست نەبووە, ئەوە باشترە (التنسیق والتعاون مع المحافظات والاقالیم التي ستؤسس في العراق) باشە با لەسەر مەسئولیاتی ئێوە, بەڵام من پێم وایە (المحافظات والاقالیم الاخرى في المجالات التي یحددها مجلس الوزراء) فەرموو نازناز خان.

**بەڕێز نازناز محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

وابزانم كێشەكەمان لەوەوە دەست پێدەكات كە ناوی وەزارەتەكە كاروباری ناوچەكانی دەرەوەی هەرێمە, واتە مەبەستی سەرەكی ئێمە و فەلسەفەی دانانی ئەم وەزارەتە ئەوەیە كە ماددەی 140 تەتبیق بكرێ و ناوچە دابڕاوەكان بگەڕێنەوە سەر هەرێمی كوردستان, ئێمە وتمان لە ناوەكەی تێدەگەین, كەچی كە دێتە ناو مەهامەكان ئەنواعی شتی هاتۆتە ناوێ, بەڵام هەرچی هی وەزارەتەكانی ترە نەك هی ئەو وەزارەتە, چونكە ئەصڵی مەوزوعەكە ئەو وەزارەتە بۆ ئەوە دانراوە, لە دواییدا لە خودی ناوی وەزارەتەكەش كە دەڵێین كاروباری ناوچەكانی دەرەوەی هەرێم, ئێمە كۆمەڵێك لە رووی جوگرافیەوە كوردستانیایێكی زۆرمان هەیە لە دەرەوەی هەرێمی كوردستان, بەڵام لەرووی جوگرافیاوە كوردستانی نین, ئایا ئەوە لە كوێ جێگای دەبێتەوە, لە دواییدا بۆ دەبێت عیلاقەی بەینی هەرێمەكان ئەو وەزارەتە لە ئەستۆی بگرێ, بۆچی خودی حكومەتی كوردستان شوێنێكی نەبێ و مەرجەعێكی نەبێ ئەم عیلاقەیە لە ئەستۆ بگرێ, ئەم وەزارەتە هەوڵ دەدات كە ناوچە دابڕاوەكان بخاتەوە سەر هەرێمی كوردستان, باشە بۆ كاروباری رۆشنبیری هەڵنەستێ بۆ كاروباری بازرگانی, یا وەزارەتی بازرگانی پێی هەڵنەستێ بۆ كاروباری ئابووری, وەزارەتی ئابووری پێی هەڵنەستێ, بۆ ئەم وەزارەتە كاری رەوەندی كوردی لە دەرەوەی هەرێمی كوردستان و لە ئەورووپا و لە ئەمریكا لە ئەستۆ بگرێ, بۆیە من تەصور دەكەم تێكەڵاویەك دروست بووە لە ئەصڵی وەزارەتەكە, پێشنیار

دەكەم جارێكی تر د.محمد احسان ولیژنەی یاسایی وخەڵكانی پەیوەندیدار دابنیشنەوە سەر لەنوێ فەلسەفەی داڕشتنی ئەم وەزارەتە, پێكهێنانی ئەم وەزارەتە بۆچییە, با بۆ ئێمەش ساغ ببێتەوە, چونكە بەعزێك لە ئەركەكانی وەزارەتی خارجیەی وڵاتێكە, بەعزێك لە ئەركەكانی ناوچە دابڕاوەكانە كە دەمانەوێت بیخەینەوە سەر ئیقلیم, وابزانم هەدەفی ئەساسیش ئەوەیە, ئێمەش پێمان خۆشە دكتۆر محمد بەو چالاكیەی خۆی حەز دەكەین سەركەوتوو بێت, بۆ ئەوەی هەموو تاقەتی خۆی صەرف بكات بۆ گەڕاندنەوەی ناوچە دابڕاوەكانی كوردستان و تەتبیق كردنی ماددەی 140, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

دەزانی چییە, كە ئێمە نووسیمان ئەو تەنسیقە و مەهامەكەی بە موافەقەتی مەجلیسی وەزەرا یاخود (فی مهامات التی یحددها مجلس الوزراء ) ئەو ئیشكالاتەمان لەكۆڵ دەبێتەوە, چونكە ئەو تەنسیق و تەعاونە بەشێوەیەكی شمولی مەسئولیەتی مەجلیس وەزەرا و سەرۆكی هەرێمە, كە ئەو دەسەڵاتەت تەحدید كرد بەوە حەل دەبێت, لەبەر ئەوەی ئەو صیغەیەی كە لیژنەی قانونی نوسیویەتی بۆتانی دەخوێنمەوە, ئەگەر ئیعتیرازتان لەسەر نەبوو بۆ ئەوەی بچینە سەری (التنسیق و التعاون مع الاقالیم و المحافظات في العراق الفیدرالي في المجالات التي یحددها مجلس الوزراء) كەس ئیعتیرازی هەیە لەسەر ئەوە, باشە ئەگەر ئیعتیرازتان نییە دەیخەمە دەنگەوە, فەرموو.

**بەڕێز د.نوری جمیل تاڵەبانی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

پارێزگا لەگەڵ پارێزگا فەرقی هەیە, بۆ نموونە لە پارێزگای سلێمانی و پارێزگای دیالە, ئەوە پارێزگای پێ دەڵێن, پێویست ناكات هەرێمی كوردستان بكەوێتە گفتوگۆوە یان تەنسیق یان هەماهەنگی لەگەڵ پارێزگایەكی تردا, هەرێم لەگەڵ هەرێمدا ئەگەر دروست بوو, ئەگەر كێشەش هەبوو لە پاشەڕۆژدا, ئەوە پارێزگای سلێمانی یان پارێزگای هەولێر لەگەڵ هی موصڵدا یان لەگەڵ هی پارێزگاكانی تردا دروست دەكات, لەبەر ئەوە من لەگەڵ ئەوەدا نیم كەوا وشەی پارێزگا بخرێتە سەری, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وشەی پارێزگا لە دەستووری عێراقدا هەیە, ئەگەر نەبێتە هەرێم وەكو هەرێم تەعامولی لەگەڵ دەكرێ, زۆر تەبیعی یە لەبەر ئەوەی ئەو صیغەیەی ئەخیری لیژنەی قانونی بەرەغمی خۆم لەسەر هەندێ شت موتەحەمسین, بەڵام دەیخەمە دەنگدانەوە, (التنسیق و التعاون مع الاقالیم و المحافظات في العراق الفیدرالي في المجالات التي یحددها مجلس الوزراء) كێ لەگەڵیەتی دەستی بڵند بكات؟ سوپاس, كێ لەگەڵی نییە؟ سێ كەس لەگەڵی نییە, باشە رۆیی تەواو, بە زۆرینەی دەنگ وەرگیرا. خاڵی چوارەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

4- تمثیل حكومة الاقلیم في المناسبات القومیة والوطنیة خارج الاقلیم.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رای لیژنەکەمان, لەبەر ئەوەی ناگونجێ لەگەڵ صەلاحیەتی سەرۆکی هەرێم, دەبێ ئەو بڕگەیە لابرێ, سوپاس.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هەرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

رەئیی لیژنەی پەیوەندییەکانیش هەمان رەئیی لیژنەی یاساییە, پێمان باشە ئەو بڕگەیە لابرێ, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

باشە دەیخەمە دەنگەوە, ئەوە شەتب بکرێت, کێ موافیقە بە شەتب کردنی, فەرموو قسەت هەیە.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەو بڕگەیە دەڵێت (تمثیل حکومة اقلیم کوردستان) یانی نوێنەرایەتی حکومەتی کوردستان دەکات بۆ بۆنە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان, سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەو نوێنەرایەتی گەلی کوردستان دەکات لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان, بۆ نموونە جالیەی کوردی لەدەرەوەی وڵات ئاهەنگێك بە موناسەبەی نەورۆز دەکات, یان هەر بە موناسەبەیەکی تر, خۆ سەرۆکی هەرێم ناچێتە ئەوێ, زۆر تەبیعی یە کە نوێنەری حکومەتی هەرێم لەوێ ئامادە بێت, تەمسیلی حکومەتی کوردستان دەکات لەوێ, شتەکە زۆر ئاساییە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو تەمسیلیەی جەنابت دەفەرمووی دەکرێ هەر کەسێك بیکات, حکومەتی هەرێم بیکات, وەزیری کارەبا بکات, هەر یەکێك بێت دەتوانی بیکات, بەڵام دەسەڵاتەکە حەصر کراوە بە سەرۆکی هەرێم ئەو تەمسیل دەکات لەهینەکاندا, ئێستا دەیخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ لابردنی ئەو بڕگەیە؟ سوپاس, کێ لەگەڵی نییە؟ سێ کەس ئیعتیرازی هەیە, بە زۆرینەی دەنگ قەبوڵ کرا کە شەتب بکرێت, پێنجەم.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

5- دعم الجالیات الکوردستانیة لبناء اواصر المحبة والتعاون وربطهم بوطنهم الام.

**بەڕێز طارق محمد سعید جامباز:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبەر ئەوەی چوارەم لاچوو ئەوە دەبێتە چوارەم:

4- پشتگیریکردنی رەوەندە کوردستانیەکان و بنیاتنانی پێوەندی خۆشەویستی و هاوکاری و بەستنەوەیان بە کوردستانی دایکەوە.

**بەڕێز عونی كمال سعید بزاز:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

اضافة جملة (فیما بینها و ربطها بوطنها الام) الی ما بعد (التعاون) في الفقرة (5) منها.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوانەی دەیانەوێ قسە بكەن با ناویان بنووسین, فەرموو دكتۆرە شوكریە.

**بەڕێز د. شكریە رسول ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من تێبینیەكی وام نییە لەسەر بڕگەكان, بەس یەك ووشە هەیە, وشەی (رەوەند) زیاتر بۆ خێڵ دەچێ كە كوێستان و گەرمیان دەكەن, ئینجا جوانترە وشەی (رەهەند) بەكاربێنی, سوپاس.

**بەڕێز بارزان محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من پێم وایە یەكێك لە مەهامەكانی ئەو وەزارەتە, هەوڵدانە بۆ دروستكردنی لۆبیەكی كوردی بۆ پشتگیری كردنی مەسەلەكان, ئەم چوارچێوە بەم صیغەی كە دانراوە وەكو ئەوە نایگەیەنێتە ئاستی لۆبی, ئێمە زۆر پێویستیمان بە مەدای دوورە, ئەگەرچی مەفهومی لۆبی زۆر قسەی تر هەڵدەگرێ, بەڵام یەك لە مەهامەكانی وەزارەت هەوڵدانە بۆ دروستكردنی لۆبیەكی كوردی, سوپاس.

**بەڕێز نازناز محمد قادر:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من دیسان دەڵێمەوە لەسەر ئەو پشتگیری كردنی رەوەندە كوردستانییەكان, لەجیاتی ئەوە دیسان بۆ تەركیز كردن لەسەر ئەوەی كە باسم كرد بڵێین پشتگیری كردنی كوردستانیەكانی ناوچەكانی دەرەوەی هەرێم, زیاتر تەركیز بكرێ لەسەر ئەوەی ئەو عیلاقاتەو پتەوی عیلاقە لە بەینی خەڵكانی ئەو ناوچەیە زیاد بكرێت, ئەوە زەروورترە تاكو ئێمە بپرژێینە سەر جالیەی كوردی, خۆی نوێنەرایەتی حكومەت هەیە لە هەموو وڵاتان ئەوان بەو ئەرك و فەرمانانەی خۆیان هەڵدەستن, سوپاس.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هەركی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

ژمارەی فەقەراتی ئەو ماددەیە كە مەهام و صەلاحیاتی ئەو وەزارەتە یازدەیە, من دەیخوێنمەوە تەنها سێ یان چوار پەیوەندیان هەیە بەو مهامە, من دەبینم ئەو فەقەرەیە وفەقەرەكانی كە لەدوای دێن عیلاقەی نییە, واتە ئەو فەقەرەیە پەیوەندی نییە بەو وەزارەتە, بەڵكو زیاتر ئەركی وەزارەتی خارجیەیە, یاخود هەر وەزارەتێكی رۆشنبیری و ئەوانە, ئێمە هەموو ئامانجمان ئەوەیە شوێنە دابڕاوەكانی كوردستان وەكو كەركوكە و سنجارە خانەقینە و مەخمورە, بگەڕێتەوە بۆ سەر كوردستان, بۆ جێبەجێ كردنی ماددەی

140 و ئەوانی تر, مەترسی من ئەوەیە ئێمە ئەو وەزارەتەی مەشغول بکەین بەو هەموو ئەرك و کارانە و نەتوانی کە ئەو ئەرکە بەتایبەتی جێبەجێ بکات, سوپاس.

**بەڕێز د. محمد احسان/وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت هەندێك وا تێدەگەن ئەو وەزارەتە تەنیا بۆ ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم دامەزراوە, نەخێر وانییە, نەك فەلسەفەی قیادەی سیاسی ئەوەیە و نەك حاجەتی ئەمڕۆی کوردستانیش ئەوەیە, ئەسبەقیەتی کاریە, بەڵام مانای ئەوەش نییە کە وەکو خوشکە نازناز دەڵێ کاری وەزارەتەکانی تر دەکات, نەخێر هیچ وانییە, حکومەت هەمووی یەك تیمە, یەك کار دەکەن بۆ خزمەت کردنی ئەم کوردستانە, دەعمی جالیات لە زۆر وڵات خزمەتێکی تایبەت بە شئونی جالیات هەیە, لە کوردستان فەراغێکی قائیمت هەیە کەسێك نییە ئیهتیمام بەو جالیەیە بدات, وجالیاتی کوردیش لەدەرەوە تا ئێستا تەقسیم کراوە لەسەر یەك تاپ دوو, هەندێکیشیان تەقسیم کراوە لەسەر بیستیش, پێویستە دەزگایەکی حکومەتیش هەبێت کە ئیهتیمام بەشئونی ئەو جالیاتانە بدات, ئەمڕۆ لەدوای دامەزراندنی حکومەت زۆربەی عقودی زەواج و زۆربەی ئەشیای قانونی دێتە ئێرە لە کوردستان خەڵکێکی زۆر دێت بەرامبەر دەرگای ئەنجومەنی وەزیران رادوەستێت کە موصادەقەی عەقدێکی هەیە, محاکمی کوردستان تەصدیق ناکات لەسەر حکومەتی فیدراڵی عێراق لەسەفارەکانی عێراق, تەصدیق دەکات بە نوێنەرایەتی حکومەت لە دەرەوە, بە نوێنەرایەتی حکومەت, پێویستی بە وەزارەتێکی تر هەیە, وەزارەتی مافی مرۆڤ نەماوە کە ئەم کارانە بکات بۆ خەڵك, دەعم و کاروباری جالیاتی کوردی ئێمە یەکێکە لەو مینەتانەی کە گرنگترین و گەورەترین جالیەی کوردیمان هەیە لە دەرەوە, و کوردستانیشمان هەیە نەك بەتەنیا, لەبەرئەوەش وشەی کوردستانیمان بەکارهێناوە تاکو کورد و تورکمان و ئاشوری و کلدان و هەموو کوردستانیەکان پێکەوە بێت, رەبتیان بکەین بە وەتەنی دایك, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

من سوپاست دەکەم, بەڵام کاك دکتۆر ئیحسان ئەگەر ئیجازەم بدەیتێ, خۆی شتەکان بڕێك تێکەڵاون و پەیوەندی بە خۆتەوە هەیە, من ناوی وەزارەتەکە و لەگەڵ ناوەڕۆکی ئیختیلافی هەیە, لەبەرچی؟ لەبەر ئەوەی تۆ خۆت وەکو شەخص هەندێ مەعلوماتت هەیە, وەزارەتی خارجیە ئەگەر بیکەین, ناکرێ بە ناوی وەزارەتی خارجیە, ئەوە یەك, دەکرێ هەیئەتێك عاید بە مەجلیسی وزەرا, ئەگەر بشکرێت تۆ تەشجیع دەکەم لە ئێستاوە بۆ ئەوە بەراستی, پەیوەندی کردن بۆ تەنزیم و ئەوانە و زمان دەزانی و قابلیەتت هەیە و زۆر صیفاتت هەیە, بەڵام من پێم وایە ئەو موهیمە گەورەیە کە سپێردراوە بەتۆ لەگەڵ ناوەکەی بگونجێت تێکەڵاو دەبێت, مەشغولی دەرەوە دەبیت زیاتر لەوەی مەشغولی ناوەوە بیت, ئەو ناوچانەی کە موحتاجی ئەوەن ئەو وەزارەتە هاوکاری بۆ بکات, ناوچە دابڕاوەکانن ماددەی 140 ئیشارەتی پێداوە کە

ناوچەی کەرکووکە، بەڵام ئەمە ئیشێکی زۆری دەوێ، لەبەر ئەوە من ئەو دەسەڵاتانەی کە لێرەن مومکینە دەتوانی ئیشەکان بکەیت، بەڵام نەك لە وەزارەت مەجلیس وزەرا هەیئەتێك دابنێ موشرفێك بی هاوکاریان بکەیت، پێم وایە لەگەڵ ناوەکەی ناگونجێ لەراستیدا، دووەمینیش هەر کەسێکی شارەزا بیخوێنێتەوە گلەیی لە پەرلەمانیش دەکات، دەڵێ کاکە قانونە بۆ ناوێکتان دەرهێناوە کە ناگونجێ لەگەڵی، بۆ نموونە تۆ ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، هەموو دونیاش دەزانێ و تەحدیدیشمان کردووە و لەسنوریش تەحدیدمان کردووە، جالیاتی کوردستانی خەڵکی هەولێری تێدایە، خەڵکی بادینانی تێدایە، رەبتی بە وەزارەتی ئێوە نییە، ئەوە ئیشی مەجلیسی وزەرایە، لەبەر ئەوە من پێم وایە ئەو خاڵە و خاڵی تریش هەیە وەکو خاتوو نازنازیش ئاماژەی پێکرد، لەراستیدا لێرەدا لەگەڵ ناوەکەی ناگونجێت، یان ئەبێت ناوەکەی بگۆڕین، تەوەجوهی قیادە دەزانم ئەوە من لەگەڵتم، بەڵام ئەو تەوەجوهە لەو مەرحەلەدا مەجلیس وزەرا پێی بکات، هەر وەختێك زروف هاتە پێش دەڵێین ناوی وەزارەتی خارجیەیە، دەزانم ئیختیلاف هەیە، من حەز ناکەم بە عەواتیف قسە بکەین، ئێمە لێرە قانون دادەنێین، مەسئولین لە قانونەکە، سبەینێ پێمان نەڵێن ئەوە چۆن پەرلەمانێکە تۆ حەقی خۆتە دفاع لە خۆت دەکەی، شتێکی نووسیوە لەگەڵ ناوەڕۆکەکەی و لەگەڵ ناوەکەی ناگونجێ، لەگەڵ دەستووری عێراق ناگونجێ، لەگەڵ دەستووری خۆشمان ناگونجێ لە هەندێ مەسائیلدا، وەزارەتی هەرێم بۆ ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم، تەحدیدیشمان کردووە کەرکووك و فلان و فلان، لەو بەرنامەی کە تۆ داتناوە کە هیچ نییە بڵێین وەڵڵا دەبێ بچین ئیعادەی موهەجرین و چۆن دەچی هاوکاری کردنیان و دابین کردنی ئیش بۆیان، ئەوە ئیشی وەزارەتەکەیە بە حەقیقەت، بەڵام نوقاتەکانی تر ئیشی هەیئەتێکە رەنگە بە تۆ بسپێردرێت، پێشت سپێردراوە، بەڵام نەك وەکو وەزیری کاروباری دەرەوەی هەرێم، وەکو دکتۆر ئیحسان خێروبێرێکت پەیدا کردووە لەوە، ئەو کۆنفراسەش کە ئەو رۆژە کە تۆ تەنزیمت کردووە، لەراستیدا ئەو کۆنفراسە رەبتی نییە بۆ ئەو وەزارەتە، بەس رەبتی بەخۆتەوە هەیە، وەکو وەزیر لە ئەنجومەنی وەزیران، ئێستا دەتوانی بڵێی وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دەرەوەی هەرێم سازی کۆنفراسی نێو نەتەوەیی دوەلی دەکات، دەبێتە هەڵلا لەسەرمان بەراستی، فەرموو د. کمال.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د. کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من ئیختیلافم هەیە لەگەڵ ئەو وجهەت نەزەرەی ئەو خوشکە نازناز و ئەوەی کە ئێستا سەرۆکی ئەنجومەن فەرمووی، ئەم وەزارەتە تەنها بۆ ئەو ئیشە نییە، ئەو ئیشە زۆر گرنگە، وەك جوزئێك دەبێت لە ئیش وکاری ئەو وەزارەتە، ئەمە یەك، بەنسبەت ئەو خوشك و برایانەی دەرەوە لە سنجار و زەمار بگەرە لەو شوێنانەی کە ئێستا هەمووی ئاوارە بوونە و پەراگەندە بوونە لەو وڵاتانە دەژین، ئەوانیش جالیەی کوردین و کوردی تریش دەژین لەو مەنتیقانە، ئەتوانرێ لە وەزارەتەکە قسمێك یان مدیریەتێکی عام هەبێت بۆ ئەو ئیشانە، ئەو ئیشانە تەنزیم بکات کە عایدی وەزارەتەکە بێت، بەنسبەت ئەوەی کە بڵێین فەقەت و فەقەت ئیشی ئەو بابەتە ماددەی (140) ە وبەیانی خەلاص بوو ئیشی تەواو دەبێت، ئەوە

وانییە, حەز دەكەم زۆر وازح بێت و لەلای هەمووتان روون بێت, تەنها و تەنها ئیشی ئەم وەزارەتە ئەمە نییە, ئیشی زۆرترە و گەورەترە و لەم نوقتەیەوە دەست پێدەكات و ئینشائەڵڵا لە جێگەیەكی خێرتر كۆتایی پێ دێت, سوپاس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەبعەن كاك دكتۆر تەوزیحی كرد دەعمی جالیات, بەڵام لێرە زیاتر لە دێڕێكی شیعر دەچێت (لبناء اواصر المحبة), چونكە خۆشەویستی بە وەزارەت دروست ناكرێت, تەعاونیش بە وەزارەت دروست ناكرێت, ئەگەر بڵێی هەڵدەستێت بە ئاسان كردنی كاری جالیەی كوردستانی كە دەگەڕێتەوە بۆ كوردستان جیایە, بەڵام خۆ ئەمە شیعر نییە, خۆشەویستیش خۆ بە وەزیر و هینیش نییە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

خۆ ئەگەر موافیق بین لەسەر ئەوەی دەمجی بكەین صیغەكە دەگۆڕین, كاك جمال فەرموو.

**بەڕێز جمال محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەبیعی پڕاوپڕ پشتیوانی تێبینی سەرۆكی پەرلەمان دەكەم, چونكە بە حەقیقەت ئێمە كە كارێك دەكەین بۆ ئەم وەزعەی ئێستا ناكەین, ئەم قەرارەی كە ئێمە دایدەنێین بیستساڵی تر خەڵكێكی تر بەم دەستوورەی ئێمەدا دەچێتەوە, بەم قانونەدا ئەچێتەوە, ئەڵێ ئەندامانی پەرلەمان هەستیان بەوە نەكرد ئەم كارانە عیلاقەی بەم وەزارەتەوە نییە, عیلاقەی بە دام و دەزگایەكی ترەوە هەیە, من بۆیە ئەڵێم ئەم مەوزوعە بەراستی گرنگە بۆ داهاتوو, ئێمە ناڵێین هیچ شتێكمان لە توانای دكتۆردانییە, بەڵام با دام و دەزگایەكی تر هەبێت, با دكتۆر ئەو مەهامەی تری پێ بسپێرێ ئەوەی كە ئەكرێ لە ژێر ناوی هیومرلینیشن, لەرێی پەیوەندییەكان, لە هەر ناوێك بێت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

منیش ئیقتراح دەكەم ئەگەر ناوێك بێت ئەگەر پاش هەرێم بێت, ئەو هیومرلینیشن یان پاپلیگەیشن یان فۆرنیشن, هەمووی دەبێت, وەكو هەیئەتێك دەبێت, خۆت قسە بكە دوایی بزانین لیژنەی قانونی چ دەڵێت بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان.

**بەڕێز د. محمد احسان/وەزیری ناوچەكانی دەرەوەی هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بە حەقیقەت كەسێك بە قەدەر من ئیعتیرازی نەبوو لەسەر ناوی وەزارەت, لەیەكەم رۆژی دانیشتنی لەگەڵ لیژنەی قانونی و لەگەڵ قیادەی سیاسیش, بەڵام بڕیاری ئەم ناوە لێرە دەرچووە, قەرارەكە لێرە دەرچووە, ئێمە بۆچوونمان ئەوەیە شت هەیە وەزارەت نایەتە دامەزراندن تا 2007/12/31 وەزارەتێك نییە لە دنیا

بێتە دامەزراندن عەمری هەبێت، عەمر نایەتە دامەزراندن، ئیشی وەزارەت ئەگەر ئیعتیماد بکەینە سەر بۆچوونی زۆربەی برادەران، یانی 2007/12/31 ئەم وەزارەتە ئینها دەبێت، تۆ زۆر فەراغێکی دەستووری و قانونیت هەیە، زۆر شت هەیە دەبێ پێویستە بیکەیت، من ئێستا ئەگەر محتاجیم هەبێت موزاهەرەیەك بکەم لە نیویۆرك تاکو زەغت بکەم لەسەر حکومەتی ئەمریکی دەعمی من بکات لە مشروعی ماددەی 140 ، کێ ئەم پارەیەم دەداتێ، دەبێ دەزگایەکی حکومی هەبێت هاوکاریم بکات، ئەگەر پارتی داوای موزاهەرە بکات یەکێتی ناچێت، ئەگەر یەکێتی داوا بکات پارتی ناچێت، بە حەقیقەت ئەمە واقع حالەکە وایە، کەسێك بەقەدەر من لە عالەم نەگەڕاوە لە جالیەتەکانی کوردی، تەقریبەن بیست ساڵە لە وڵاتانی جیهان گەڕاوم و دەزانم وەزعی جالیەتەکان چۆنە، وتمان دەعمی جالیات بێتە کردن، مانای ئەوە نییە صەلاحیەتی وەزارەتێکی تر لەدەست دەدەین، یان کاری وەزارەتێکی تر دەکات، ئەمە وەزارەتێکی حکومەتی کوردستانە، پێویستە دەزگایەك هەبێت، وتمان لەسەر ئەساسی نەبوونی ئەو دەزگایە و ئەو فەراغەی کە ئێستا هەیە، من بۆ نموونە بۆتی دەێنم ئێستا کە زۆر شت دێتە کردن لە دەرەوە موصادەقەی حکومەت لەسەر دەکەن، نییە، پێشتر وەزارەتی مرۆڤایەتی هەبوو، ئێستا نییە، کێ ئەو کارە دەکات وەزارەتی مرۆڤایەتی لە هەردوو ئیدارە هاتۆتە سەر شانی ئێمە، پێویستە ئێمە لە قانونی وەزارەتەکە مەجالێك ببینمەوە تاکو ئەم کارە بکەم، من لەگەڵ کاك جمالم بەراستی، ناوەکە لەگەڵ ناوەڕۆکەکە زۆر جیاوازی هەیە، بەڵام گۆڕینی ناوەکە بە من نایەتە کرن، ماوەی هەفتەیەکمان بدەنێ تاکو کاری لەسەر بکەین، بۆچوونمان ئەوەیە من لەگەڵ تۆم، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بەڵێ ئەگەر نوقتەی نیزامە، فەرموو کاك عبدالرحمن.

**بەڕێز عبدالرحمن احمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

جەنابی وەزیر دەڵێ ئەم ناوە لێرە دیاریکراوە، بەڵام .............

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە، ئەوە نوقتەی نیزام نییە، کۆتایی پێ دێنم بە دوو جوملە، بەراستی دوو نوقتەی زۆر جەوهەری هەیە لەو مەوزوعە، یەکێکیان ئەوەیە ئەو ناوە کۆسپە، خۆی ئێمە هەمووومان دەمانەوێ شتێکمان هەبێ لەگەڵ دەرەوە، ئەو ناوە کۆسپە و مەهامەکەشی دوو شتی موتەناقیزە، بۆ ئیعلام و بۆ ئەوەی سەرجەم ئەونەص وئەوانە ئێمە دەڵێین بۆ ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمە، وفیعلەنیش وایە، ئەوە لەوەتی بۆتە ئەندام لەو لیژنەیە بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی 140، وەزیر داندراوە ئەندامە لەوێندەر، کەواتە ئیشە سەرەکیەکەی ئەوەیە، پێش هەموو شتێك ئێمە تەموحمان ئەوەیە لە دەرەوە تەنزیمی بکەینەوە، بەرەئیی من ئەو کۆبوونەوەیە لێرەدا کۆتایی پێ بێنین تا دووشەممە، دووشەممە لەگەڵ مەجلیسی وزەرا قسە بکەین و بزانین ئەو مەهاماتانە دەیداتە ئەو وەزارەتە، ئەگەر دەیداتە ئەو وەزارەتە بەراستی دەبێ بەلای

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆڵەکان

# 38

سالّی/ 2006 – بەرگی سی و هەشت

---

چاپی یەکەم/ سالّی 2007

# پێڕیست


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (14) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2006/10/16 ل5

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (15) خولی دووەمی هەڵبژاردن – پێنج شەممە 2006/10/19 ل67

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (16) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2006/10/30 ل71

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (17) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2006/11/1 ل131

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (18) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2006/11/6 ل203

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (19) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2006/11/8 ل261

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (20) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2006/11/14 ل315

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (21) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2006/11/27 ل369

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (22) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2006/11/29 ل421

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2006/12/17 ل441

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (23) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2006/12/19 ل501

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (2)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2006/12/26 ل549

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (24) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2006/12/27 577

# ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

**پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (24)**

**چوار شەممە رێکەوتی 27\12\2006**

**خولی دووەمی هەڵبژاردن**

# پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (24)

## چوار شەممە ڕێکەوتی 2006/12/27

**کاتژمێر (10)ی سەر لە بەیانی رۆژی چوار شەممە ڕێکەوتی 2006/12/27 ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق بە سەرۆکایەتی بەڕێز عدنان رشاد مفتی سەرۆکی ئەنجومەن و, بە ئامادەبوونی بەڕێزمحمد قادر عبدالله(د.کمال کەرکووکی) جێگری سەرۆك و, بەڕێز فرست أحمد عبدالله سكرتێری ئەنجومەن, دانیشتنی ژمارە (24)ی خولی دووەم, ساڵی (2006) ی خۆی بەست.**

**بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق, دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاردرا دانیشتنی ژمارەی (24)ی خولی گرێدانی دووەمی ساڵی دووەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراق, بەرنامەی کار بەم شێوەیە بێت:**

**1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژەی یاسای وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم.**

**2- بەردەوام بوونی لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژەی یاسای وەزارەتی گەشتوگوزار.**

**3- خستنەڕوو گفتوگۆ کردنی پرۆژەی هەموارکردنی یاسای کوژاندنەوە و جیاکاری زەوی لە سنووری شارەوانیەکان ژمارە (3)ی ساڵی 1998.**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

**بەناوی خوای گەورەو میهرەبان**

**بەناوی گەلی کوردستان, دانیشتنەکەمان دەست پێدەکەین، بەرنامەی کار:**

**بەپێی حوکمەکانی بڕگە (1)ی مادده (20) لە پێڕۆی ناوخۆی ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی 1992ی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق، دەستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەن بڕیاری دا بەرنامەی کاری دانیشتنی ژمارە (24)ی خولی دووەمی هەڵبژاردن لەکاتی (10)ی پێشنیوەڕۆی رۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی 2007/12/27دا بەم شێوەیە بێت:**

**1- بەردەوام بوون لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژەی یاسای وەزارەتی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم.**

**2- بەردەوام بوونی لەسەر خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پڕۆژەی یاسای وەزارەتی گەشتوگوزار.**

3- خستنەڕوو گفتوگۆ كردنی پرۆژەی هەمواركردنی یاسای كوژاندنەوە و جیاكاری زەوی لە سنووری شارەوانیەكان ژمارە (3)ی ساڵی 1998.

داوا لە لێژنەی یاسا دەكەم بێن لە شوێنی خۆیان دانیشن, بەخێرهاتنی گەرمی بەڕێز د0محمد احسان وەزیری ناوچەكانی دەرەوەی هەرێم و، بەڕێز كاك نەمرود وەزیری گەشتو گوزار دەكەم، لەگەڵ بەڕێز كاك سەعد وەزیری هەرێم بۆ كاروباری پەرلەمان زۆر بەخێربێن, ئێمە لە جەلسەیەك دا ماوەیەك پێش ئەوەی پرۆژەی ناوچەكانی دەرەوەی هەرێم خستەڕوو, چەند ماددەیەكمان تەواو كرد, واتە لە چەند ماددەیەك بۆچوونی جیاواز دروست بوو, دوامانخست بۆ ئەوەی لەگەڵ حكومەتی هەرێم قسە بكەین, جەنابی وەزیری ناوچەكانی دەرەوەی هەرێم ئەو مەسەلەیە یەكلا بكاتەوە, پێشم وایە ئێستا یەكلا كراوەتەوە, لەگەڵ لێژنەی یاساییش دانیشتوون, جا بەو پێیەی كە ئیتیفاقیان كردووە, داوایان لێدەكەم و, لەو شوێنەی كە راوەستاین هەر لەوێ دەست پێبكەنەوە, ئەگەر گۆڕانكاری لەسەر خاڵەكانی پێشتریش زیاد دەكات, لەبەر رۆشنایی ئەو تەئجیل كردنە و, ئەو ماوەدانە بۆ ئەوەی لەگەڵ حكومەتی هەرێم یەك بكرێنەوە, دەتوانن ئەویش بخەینەڕوو, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان, بەڕێزان ئەندامانی پەرلەمان, هەروەك هەموو ئاگادارین, یەكەم جەلەسەی موناقەشە كردنی وەزارەتی ناوچەكانی دەرەوەی هەرێم 2006/9/6 بوو, ئەوەبوو هەندێ لەبڕگەكانی لێرە پەسەند كرا، هەندێكی بەموعەلەقی ماوە, ئەوانەی كە پەسەند كرا, بە حقیقەت ئەوانن كە لە لای ئێمە موئەشیرە, ماددەی یەك بوو و, لەهەمان كاتدا هەیكەل تەنزیمی وەزارەت بوو و, ئەوەی بە موعەلەقی ماوە نێوان ئێمە و نێوان وەزارەتی ناوچەكانی دەرەوەی هەرێم ماددەی (3) بوو, ئەمڕۆ بەیانی لەگەڵ بەڕێز جەنابی وەزیری ناوچەكانی دەرەوەی هەرێم دانیشتین و, بەتەفصیلی موناقشەی ئەو مەسەلەمان كرد, گەیشتینە ئەو قەناعەتە ماددەی سێ بەو شكلە بێت, كە ئێستا بۆ ئێوەی بەڕێز عەرزی دەكەم, وە لەزیمنی ماددەی سێش فەقەڕەی (1, 2, 3) پەسەند كرابوو, ئەوەی كە مابۆوە بەموعەلەقی دوای فەقەرەی چوار بوو, ئەویش بەڕاستی پێی داچووینەوەو, ئێستا ماددەكە بۆ بەڕێزتان دەخوێنمەوە, ئەگەر دەستەی سەرۆكایەتی مەجالمان پێبدا, ماددەی سێ بەم شێوەیە دەبێ:

1-العمل على اعادة ربط المناطق المتقطعة من كوردستان بالاقليم من خلال التعاون مع الحكومة العراقية لتطبيق احكام المادة 140 من الدستور الاتحادي.

2-التنسيق مع السلطات الاتحادية في كل ما يتعلق بضمان حقوق شعب كوردستان لأعادة رسم الحدود الادارية للأقليم.

3-التنسيق والتعاون مع الاقاليم والمحافطات غير المنظمة في الاقاليم في العراق الفيدرالي ضمن المجالات التى يحددها مجلس الوزراء.

ڕێکەوتین لەسەر حەزف کردنی فەقەرەی چوار بەئیعتیباری ئەوەی تەعاروز دەکا لەگەڵ یاسای سەرۆکایەتی هەرێم, بەنیسبەت فەقەرەی پێنج لەگەڵ وەزارەت ڕێکەوتین کە ئەو فەقەرەیەش حەزف بکەرێ, بەنیسبەت فەقەرەی شەش وەکو خۆی بمێنێتەوە,

6-تطویر و تشجیع العلاقات الثقافية و التجارية و الاقتصادية بين الاقليم و الاقاليم الاخرى.

فەقەرەی 7 حەزف بکرێ, فەقەرەی هەشت وەکو خۆی بمێنێتەوە, فەقەرەی نۆ حەزف بکرێ چونکە لە صلاًحیەتی سەرۆکایەتی هەرێمە و, جەنابی وەزیریش موفتەرەحێکی هەبوو وەکو ماددەیەکی ئیزافی ئەویش ئەوەیە ئیزافەی مەهام بکرێ, ماددەکەش بەم شێوەیە:

(العمل على تقديم المشاريع الخدمية الضرورية الى المناطق المقتطعة من الاقاليم).

ئەوە بەکورتی ئەو فەقەرانە بوو کە لە زیمنی ماددەکە کۆسپی تێدابوو, لەگەڵ جەنابی وەزیر گەیشتینە ڕێکەوتن, ئێمە وەکو لیژنەی یاسایی و, ئەوەی پێشکەشمان کرد پوختەی ئەو موفتەرەحانە بوو, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کەواتە ئێستا لە ماددەی سێ فەقەرەی (1, 2, 3), پێشتر باس کرایە, فەرموو کاك ئارێز.

**بەڕێز ئارێز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە ڕاسپێردرابووین وەکو لیژنەی پەیوەندییەکان ڕاپۆرتی تایبەتی خۆمان سەبارەت بە وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم هەبێ, داوامان لێکرابوو خوێندبوومانەوەش لێرە, لەسەر ماددەی سێ ئێمە ڕەئیمان بەم شێوەیەی خوارەوە بوو,

2-هەوڵدان بۆ گێڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر کوردستانی عێراق بەهاوکاری لەگەڵ حکومەتی عێراق لەژێر ڕۆشنایی دەستووری عێراقی فیدڕاڵدا.

وابزانم هەمان ڕەئیی لێژنەی یاسایە,

3-هەماهەنگی و هاوکاری کردن لەگەڵ وەزارەتە فیدڕاڵیەکان لە پێناو پاراستنی مافەکانی گەلی کوردستان بە تایبەتی دەرەوەی کوردستان- عێراق.

4-لابردرێت چونکە لەگەڵ یاسای سەرۆکایەتی ناکۆکە ئەو ئەرك و مافە بە سەرۆکی هەرێم سپێردراوە.

5-لابردرێت.

6-لابردرێت, چونکە لەدەسەلأت و ئەرکەکانی وەزارەتەکانی ڕۆشەنبیری و بازرگانی و پلان دانانە.

7-لابردرێت, چونکە لەدەرەوەی دەسەلأتی ئەو وەزارەتەیە.

8-لابردرێت, چونکە لەدەرەوەی دەسەلأتی ئەو وەزارەتەیە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا ئەو خالأنەی کە لەماددەی سێ دا هاتووە, دە خالن، راپۆرتی لیژنەی یاسایی بە ئیتیفاق لەگەڵ جەنابی وەزیر رێکەوتن لەسەر ئەوە, سێ خاڵ موناقەشە کرابوو, پەسەندیش کرابوو, لە خاڵی چوارەمەوە ئیتیفاق کرا، خاڵی چوارو پێنج و حەوت و نۆ بە ئیتیفاقی هەردوولا ئیلغا کراوە, ئیلغا کراوە بەئیقتیراحی تازەی حکومەت و, پەسەند کردنی لەلایەن لیژنەی قانونییەوە, ئەو چوار خاڵەی کە بە موقتەرەحی تازە ئیلغا بکرێ, چوارەم و پێنجەم و حەوتەم و هەشتەم, کە موناقشەی لەسەر نییە, لەلایەن وەزیر و  لەلایەن لیژنەی قانونییەوە, ئەو ئیلغایەی دەخەمە دەنگەوە کێ لەگەڵ ئەوەیە ئەو چوار خاڵە ئیلغا بکرێ, دەستی بەرزبکاتەوە؟ کێ لەگەڵی نییە, دەستی بەرز بکاتەوە؟ بەکۆی دەنگ ئەو چوار خاڵە ئیلغا کرا, واتە چوار، پێنج، حەوت، نۆ, بەلأم شەش داوات کردووە, پێویست بە رەئیی وەزیر دەکا, پێویست بە موناقەشە دەکا, بەلأم ئەوانە ئیتیفاقیان لەسەر کردووە, ئێستا بێینە سەر خاڵی شەش, کە دەکاتە خاڵی چوار دوای ئیلغا کردنی خاڵەکانی پێشەوە, (هاندانی پەیوەندیەکانی رۆشنبیری و بازرگانی و ئابووری لەنێوان هەرێم و هەرێمەکانی تردا), یەك مولاحەزە هەیە, جارێك هەرێمەکانی تر دروست نەبووە, ئەگەر وەکو دەستوور برۆین هەرێمەکان و پارێزگاکان, پارێزگاکان دەبێ زیاد بکرێ, ئەوەی تر پێم وایە رۆتینە, یەعنی وەکو شتێکی قانونی لە دەستوور وا هاتووە, ئەگەر چی هەرێمەکان دروست نەبووە, بەلأم پارێزگاکان هەیە, ئەگەر بووە دوو، سێ هەرێم ئەوکاتیش دەستوور هین دەکرێ, ئەو خاڵە کەس موناقەشەی لەسەر نییە؟ فەرموو.

**بەڕێز سارا خضر پیروت:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی شەش, پەیوەندی رۆشنبیری تۆزێك تایبەتمەندی خۆی هەیە, یەعنی ئەوە تایبەتە بە وەزارەتی رۆشنبیری, لەو خاڵەی دا, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەزارەتی رۆشنبیری ئەوەی ئێستا هەیە, مەسئولیەتی مەسائیلی رۆشنبیریە, لە سێ پارێزگاکان, ئەوە وەزارەتێکە تایبەتە بۆ ئیش و کاری ناوچەکانی دەرەوە, دەتوانین ئیش و کارەکانی وەزارەتەکانی ناو هەرێم بەهاوکاری ئەو وەزارەتە لەو شوێنانە بکرێت, زۆربەی زۆریش لەبەر ئەوە تەبیعەیە, نازانم لیژنەی قانونی لەسەر ئەمە مولاحەزەی چیتان هەیە.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەندێك لەو فەقەراتانە مەرحەلیە, رەنگە ئەو مەرحەلەی ئێستا پێویستی بەوە بێ, پاشی گەڕانەوەی کەرکوك و ناوچەکانی تر رەنگە پێویستی بەوە نەبێ, بۆیە ئەو فەقەرەیە، فەقەرەیەکی ئینتیقالیە بەقەناعەتی من.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**من پێم باشە بەڕاستی بڕگەیەك زیاد بكرێ لەو ماددەیە, باس لە ئاوەدانكردنەوەی ئەو ناوچانە بكرێ، كە لە هەرێم دابڕاون, بەهاوكاری لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەكان, لەبەر ئەوەی ئێمە تەماشا دەكەین ئەو ناوچانەی كە تائێستا نەگەڕاوەتە سەر كوردستان, هیچ شتێكیان بۆ نەكراوە, لەو پەڕی خراپیدان, ئێمە ئەو وەزارەتانە كە دادەمەزرێنین, موهتەمە بەو ناوچانە, بۆیە لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەكان بڕگەیەك زیاد بكەین, كاركردن بۆ ناوچەكانی دەرەوەی هەرێمی كوردستان بەهاوكاری لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەكان, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**ئەوە موقتەرەحێكی باشە, بەڵام وابزانم ئەو موقتەرەحە لەئاخیر هین هاتووە, لەو ئاخیر خاڵەی كە باسیان كرد, دەكرێ ئەوە تەتویر بكرێ, ئیزافەی ئەو مولاحەزەیە لەگەڵ ئەو رەبت بكرێ, كە دەڵێ مەشاریعی خەدەمی تەقدیم بكرێ, صیغەكە بگۆڕێت بەشێوەیەك كە ئەو موقتەرەحەی ئێوەشی تێدا بێت, كەواتە خاڵی چوارەم كە پێشتر شەش بوو, (هاندانی پەیوەندیەكانی رۆشنبیری و بازرگانی و ئابووری لەنێوان هەرێمەكان و پارێزگاكان), واتە (دیكە) بەمانای (الاخری) حەزف دەكەین, ئەوە ئەو خاڵە دەخەمە دەنگەوە، چونكە خاڵەكان لەیەكتری جیاوازن, بیخوێنەوە.**

**بەڕێز كریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**رای لیژنەی یاسایی خاڵی شەشەم بووبە بەخاڵی چوارەم بەم شێوەیە:**

**هاندانی پەیوەندیەكانی رۆشنبیری و كۆمەڵایەتی و گەشەپێدان لەنێوان هەرێم و هەرێمەكانی دیكەدا, و ئەو پارێزگایانەی لە هەرێمدا رێك نەخراون.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**كێ لەگەڵ ئەو خاڵەدایە دەستی بەرز بكاتەوە؟ بەڵێ چیە؟ نوقتەی نیزامە, فەرموو.**

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**لە عەربیەكەی خوێندتانەوە (تشجیع و تطویر) بەڵام لەكوردیەكە تەنها تەشجیعی خوێندەوە تەنها هاندانی خوێندنەوە، تەتویریش بخوێنێتەوە باشە, پەرەپێدان تێدابێ, سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**هاندان و پەرەپێدان, كێ لەگەڵ ئەو خاڵەدایە دەستی بەرزبكاتەوە؟ فەرموون, كێ لەگەڵدا نییە؟ فەرموون, بەئەكسەریەت ئەو خاڵە وەرگیرا, خاڵی پینجەم كە پێشتر هەشتەم بووە, (رێكخستنی كاروباری كۆچ كردن و بەدواچوونی كاروباری كۆچكراوەكان), كاك ئارێز ئێوە دەتانەوێ ئیلغا بكرێ, باشە حوجەتی ئیلغا كردنتان**

**چییە؟ كۆچ كردن خۆ مانای ئەوە نییە كۆچ كردن بۆ ئەوروپا, هەرچەندە جەنابی وەزیر دەیزانێ, كاك ئیحسان.**

**بەڕێز د.محمد احسان/وەزیری ناوچەكانی دەرەوەی هەرێم:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**نەخێر من ئەڵێم (تنظيم امور الهجرة و متابعة شؤون المهجرين) كارێكی سەرەكی ئەم وەزارەتەیە, لەبەرئەوەی مەسئوولیەتێكی وەزارەت ئەوەیە كە تەتبیق لەو ناوچانە بكات, كاتێك كابرایەك وافد لەوێ دەربچێت, ئایا لەسەر ئێمە فەرز نییە مورەحەل و موهەجرێك بیگەڕێنینەوە بۆ ئەو ناوچانە, پرسیار بۆ عیلاقاتی خارجی ئایا ئێوە عیلمتان هەیە كە ئەو مودیریەتە سەر بەكێیە لە حكومەت؟ دوو مودیریەتی هیجرەو موهەجرین هەبوو, لەهەردوو ئیدارەتی پێشوو, ئێستا سەر بەهیچ جێگایەك نین لە حكومەت, ئەمە صوڵبی كاری ئەو وەزارەتەیە, صوڵبی كاری ئەو وەزارەتە گەڕانەوەی ئەو خەڵكانەیە بۆ ئەو ناوچانە, تۆ ناتوانی ئەو كارە لەیەكتر جیا بكەیتەوە, كاتێك من وافد دەنێرم با جێگایەكی تر بێت مورەحەلەكان بگەڕێنێتەوە بۆ ئەو ناوچانەو موهاجرەكان بنێرێت, ئەمە كاری ئەم وەزارەتەیە, لەبەر ئەوە ئێمە دەڵێین ئەمە كاری ئەو وەزارەتەیە, زۆر سوپاس.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**لەو مەوزوعە حەزدەكەم برادەران موناقەشە بكەن لەسەری, كێ حەز دەكا موناقەشەی بكات, واتە بابڵێین موقتەرەحی وەزارەت و حكومەت, رێكخستنی كاروباری كۆچكردن و بەدواچوونی كاروباری كۆچپێكراوەكان, لیژنەی یاسایی موافیقە لەسەر ئەوە, لیژنە پەیوەندیدارەكان دەڵێن ئیلغا بكرێ, كێ قسەی لەسەر ئەوە هەیە؟ بەناو دەنووسم, كاك محمد فرج, كاك حمد رشید, سردار هەركی, كاك غفور, د0رمضان, كاك محمد فرج فەرموو.**

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**حەوتەم ئەبێتە پێنجەم, من لەسەر ئەوە قسەم هەیە, دەنگمان بۆ نەداوە.**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

**پێنجەم رێكخستنی كاروباری كۆچ كردن و بەدواچوونی كاروباری كۆچپێكراوەكان, وتمان ئەوە موقتەرەحی حكومەتەو لیژنەی قانونیش پێی باشە، بەلاَم لیژنەی پەیوەندیەكان دەڵێن ئیلغا بكرێ.**

**بەڕێز محمد فرج احمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

**ئەم هەشتەمەش منیش پێم وایە پەیوەندی بە هەموو كوردستانەوە هەیە, ئەم وەزارەتە وەزارەتێكی سیاسیە, یەعنی لەئەساسەوە بۆ ئەو ناوچانە دانراون كە لە كوردستان دابڕاون, صوڵبی ئیشی ئەم وەزارەتە ئەو ناوچانەیە, من پێم باشە لەجیاتی ئەمە خاڵێكی تر زیاد بكەین, لەم ناوچانە هەمیشە گرفت دروست**

دەبێ, یەعنی لەهەموو سەحافی نێو دەوڵەتیش کەلتورێك هەیە, ئەو ناوچانەی کەوتوونە بەر زوڵم و زۆری دابڕان سەقافەتیان لەگەڵ دایکی خۆیان دەگۆڕێت, یەعنی ئەو وەزارەتە لەبڕی ئەوە سەقافەت لەگەڵ شوێنی تر تاوتۆ پێبکا, لەوناوچانە گێڕانەوەی سەقافەیەکی رەسەن بۆ ئەو خەڵکەی کە لەوناوچەیە ئەژین, یەعنی لەرووی سەقافیەوە کارێکی جدی بۆ ئەو مەسەلەیە بکات, ئەم مەسەلەیەی هیجرە لەهەڵەبجە زیاترە لەو ناوچانە, لە رانیە زیاترە لە کەرکووك, یەعنی پەیوەندی بەهەموو کوردستانەوە هەیە, پێم وایە یان لەسەر وەزارەتی کاروباری کۆمەڵایەتیە, یان لەسەر وەزارەتەکەیە کە پەیوەندی بەمە هەبێت, سوپاس.

**بەڕێز رشید کریم رشید:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ رەئیی جەنابی وەزیرم کە ئەڵێ یەکێك لەئیشەکانی ئەم وەزارەتە ئەوەیە کە تەنزیمی کۆچ, و بە پێچەوانەشەوە بکات, بەلاَم لە داخیلی ئیقلیمدا، رای پەیوەندیەکان وایە ئەو وەزارەتە ناتوانێ تەنزیمی کۆچ بکات لەهەندەران, یەعنی عیلاقەی بە هەندەرانەوە نییە, بەلاَم لەداخیلیدا عیلاقەی پێوە هەیە, سوپاس.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێشنیار دەکەم ئەو فەقەڕەیە بگۆڕدرێت, خۆی لە صوڵبی ئیش و کارەکانی ئەو وەزارەتەیە, موتابەعەی شئوونی موهەجرین بکات، بەس نەك هیجرە, (المهجرین) یەعنی ئەوانەی خارج مەناتیقی ئیقلیمن, واتە وای لێبکەین, (تنظیم امور المهجرین من مناطق خارج اقلیم کوردستان ومتابعه شؤونهم), بەلاَم من پێشنیارێکم هەیە ئەو وەزارەتە صلاَحیەتی بدەینێ کە تەنسیقی هەبی لەگەڵ ماددەی 140, سوپاس.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من لەگەڵ ئەوەدام کە ئەو بڕگە وەکو خۆی بمێنێتەوە, لەبەر ئەوەی وەك ئاگادارین ئێمە لە عێراقیش وەزارەتی کاروباری کۆچپێکراوان هەیە (شؤون المهجرین), بەلاَم لە کوردستان ئێمە هیچ وەزارەتێك، هیچ دەزگایەکمان نییە, چاودێری کاروباری ئەوانەی کە کۆچیان کردووە, یان ئەوانەی کە لێرەوە کۆچ دەکەن, بۆیە زۆر جێگای خۆیەتی کە ئەو وەزارەتە ئەو ئەرکەش بگرێتە ئەستۆ، ئەمە خاڵێك, وە دواتر ئەو خەڵکەی کە کۆچی کردووە پێشتریش, زیاتر لەو ناوچانەن لە کەرکووك، لە خانەقین، لە سنجار، لە مەخموور لەبەر زوڵم و زۆرداری رژێم کۆچیان کردووە, ئەوانەی کە پێش راپەڕین کۆچیان کردبێ, یان دوای راپەڕین کۆچیان کردبێ لەو ناوچانەدا, بۆیە من لەگەڵ مانەوەی ئەو خاڵەدام, ئەو خاڵە وەکو خۆی بمێنێتەوە, ئەمەش شتێکی زۆر ئاساییە کە وەزارەتێکمان نەبێ تایبەت بۆ ئەم کارە, با ئەو وەزارەتە تایبەت بێ بەو کارە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمان محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەم وەزارەتە, ئەگەر وای دابنێین بچووك کراوەی وەزارەتی دەرەوەیە, لەوەزارەتی دەرەوە لە قونصوڵەکان کۆمەڵێك مولحەقاتی هەیە, هەریەکەیان نوێنەرایەتی بەشێك دەکا, بەڵام بەشێکیشن لە وەزارەتی خاریجی, لەبەر ئەوەی ناکرێ ئەگەر پەیوەندی بەپەروەردەوە هەبێ بڵێین ئەمە ئیختیصاصی پەروەردەیە, ئەمە هی رۆشنبیریە, ئیشی ئەم وەزارەتە رێکخستنی ئیشەکەیە، نەك جێبەجێ کردنی, لەبەر ئەوە ئەم وەزارەتە ئەگەر کۆمەڵێك ئەرکی رێکخستنی جیاجیاشی تێدابێ مافی خۆیەتی, بەڵام بۆ جێبەجێ کردنی ئەو پەیوەندی دەکا بەوەزارەتە جیاجیاکانی هەرێم بۆ بەجێگەیاندنی ئەنجامی ئیشەکان, لەبەر ئەوە ئاساییە کە کۆمەڵێك ئەرکی هەبێ بەو ناوچانەی کە نەگەڕاوەتەوە سەر هەرێم, تاکو دەگەڕێتەوە هەرێم ئەو کاتە وەزارەتی مەعنی موباشر تەداخولی ئیشەکان دەکات, زۆر سوپاس.

**بەڕێز اخر شیخ جمال انور:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من بەپێچەوانەی هەندێ برادەرانم, لەو وەزارەتەو لەو ئیش و کارەی تێگەیشتم, ئەگەر شئوونی موهەجرین عایدی ئەو وەزارەتە بێ، شئوونی موهەجرین بەحقیقەت نە مودیریەتێك بەخۆی هەڵدەگرێت, وەزارەتێك بەخۆی هەڵدەگرێت لەدەوڵەتانیش وەزارەتێکی تایبەتی هەیە, لەزۆر دەوڵەتی دەوروپشتی, وەزارەتێکی تایبەتیان هەیە, نازانم ئەو وەزارەتە تایبەت بێ فەقەت بەو مەناتیقانەی کە دەرەوەی هەرێمن و, لەچوارچێوەی عێراقن, وەکو کەرکووك و خانەقین ومەندەلی, ئەمە جیایە، چونکە ئێمە زۆر ئاوارەی ترمان هەیە, ئاوارەمان هەیە هێشتا لە ئێران نەگەراونەتەوە, ئاوارەمان هەیە هێشتا لە تورکیا نەگەڕاونەتەوە, ئاوارەمان هەیە لە هەندەرانن, هەتا ئاوارەی شەڕی ناوەخۆمان هەیە یەکجار زۆر لێرە ماون لە سلێمانی ماون, ئەبێ ئەو وەزارەتەو ئەو مودیریەتەی کە دروست دەکرێ ئەو شئوونانە هەمووی بەخۆیەوە بگرێت, ئیهتمامێکی تایبەتی پێبدات, نەك ئەو مەوزوعە سیاسیە تەواو, ئەوە دەبێ زۆر زیاتر گرنگی پێ بدەین و پشتیوانی لێبکەین, نامەوێ زۆر وەختەکەی بکوژم, بەڵام مەشاکیلی زۆر گەورە هەیە لە موهەجەرین, ئێمە خۆمان لەناو موهەجەرین ژیاون ئەزانین مەشاکیلی چەند گەورەی تێدایە, ئیحتیماله مەشاکلیی نوێشی بێتە سەری, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د0کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەڕاستی ئەم خاڵە زۆر تەبیعیە لە جێگایی خۆی زۆر بەجوانی هاتووە, چونکە ئەو ناوچانە ئێمە ئەڵێین ئەبێ ئاسایی بکرێتەوە، تەتبیع بکرێ, بۆ تەتبیع کردن هەندێ کەس ئەبێ بڕوا، هەندێ کەسیش ئەبێ بگەڕێتەوە بۆ ئەو شوێنانە, ئەوانەی کە دەربەدەر کراون، بەزۆر لەو شوێنانە دەرکراون, ئەمڕۆ لەهەر کوێی دنیا بن بگەڕێنەوە بۆ کەرکووك، بۆ خانەقین، بۆ سنجار, ئەوانەی دەرکراون ئەگەڕێنەوە, ئەو

وەزارەتە ئەی کاری چییە؟ لەعێراق وەزارەی هیجرە و موهاجر هەیە, بەلاَم لێرە گرنگییەك دراوەتەوە ئەو ناوچانە کەتەتبیع بکرێتەوە, وەزارەتێك هەبێ ئیش وکاری ئەو شوێنانە جێبەجێ بکات, پێشنیاری بکات, دیراسەی بکات لەگەڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان, لێرە لە ئەنجومەنی وەزیران قەراری لێ بدەین, پاشان ئەوان ئەو ئالییەتەی دانێن، ئەو مودیریە عامانەی کە دائەنرێن هەرکەسێك بەکاری خۆی هەڵدەستێ, بۆیە زۆر زۆر تەبیعیە، زۆر روون و دیاریشە وەزارەتەکە بۆ ئەو شوێنانە دانراوە, ئەمەش لەجێگایی خۆی هاتووە, بەڕەئیی من وەکو خۆی بمێنێ زۆر تەبیعیە, سوپاس.

**بەڕێز د0 محمد احسان/ (وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حقیقەت لێرە با مودیریەتێکمان هەبێ بۆ تەنزیم کردنی شئوونی موهەجەرین وموڕەحەلین, غەڕەزمان نەك وەك برادەرەکانی پەیوەندیەکان دەڵێن شئوونی هیجرە لەگەڵ دەرێ یان لەگەڵ دەرەوەی کوردستان, ئێمە لەناوچە دابڕاوەکانی کوردستان ئەو خەڵکەی کە لەوێ هاتووە یان لەوێ دەرکراون ئێمە تەصنیفمان کردووە بە چوار فیئە, فیئەی یەکەم وافیدە, وافید ئەو عەرەبەیە، زیمنی سیاسەتی تەعریب هاتیە لەوێ نیشتەجێ بوویە لە 1968 ەوە هەتا 2003، سێ فیئەتی ترمان هەیە, فیئەتێکمان هەیە ناوی ئەندامانی مورەحەل, کە نیزامی بەعس بەقانون بە شکلێکی رەسمی ئەو کابرا کوردە, تورکومانە, ئاشوورە, کیلدانە, یان ئەرمەنە لەو ناوچانەی دەرکردیە, فیئەتێکی ترمان هەیە کە موهەجەرە, موهەجەر کە حکومەت بیئەیەکی بۆ خەلق کردیە، کە ئەو کابرایە  هیجرە بکات, نەك بەشکلێکی نیزامی، نەك ئەمری پێدەرکردیە, بڵێتە ئەو کابرایە بڕۆ لەکەرکووك نەخێر, ئەو کابرایە لە وەزیفەی دابڕاوە, یان موزایەقەی سیاسی پێکراوە, ئەو کابرایە مەجبوور بووە لەوێ دەربچێ, هیچ سەنەدێکی قانونی نییە, کە ئەو کابرایە بە زیمنی سیاسەتی تەعریب دەرکراوە لەو ناوچەیە, بەلاَم بیئەیەکی بۆ خەلق کراوە کە ئەو کابرایە لەو ناوچەیە دەربکرێ, فیئەتێکی ترمان هەیە کە موهاجیرە ئەصڵێ, زەرفێکی سیاسی هاتەدابین کردن لەوناوچانە, زەرفێکی ئیقتیصادی هاتە خوڵقاندن لەوێ, ئەو کابرایە بەمەجبوریەت هیجرەتی کردیە, نەك لەسەر ئەساسێکی سیاسی, یان لەسەر زیمنی حکومەت, لەسەر ئەساسی نیزامی بەعس کە سیستیماتیك ئەو کابرایەی دەرهێناوە, کاری ئەم وەزارەتە ئەوەیە مورەحەلێکە, موهاجرێکە, موهاجرکە هەرسێکیان بگەڕێنێتەوە ئەو ناوچەیە لەسەر ئەساسی ئەو نەزەڕیە, وتمان با مودیریەتێکی کاملمان هەبێ تەنزیمی ئەو کارە بکات, غەڕەزمان نییە بەکاری دەرەوە, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر ئیجازە هەبێ, تەبعەن باوەڕناکەم لەسەر ئەو بۆچوونەی جەنابی وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم کەس ئیختلافی هەبێ, بەس ئەوەی من تێگەیشتم لە موناقەشەکە لەسەر وشەکان خیلاف هەیە, (الهجرة) وەزارەتی هیجرە لە میسر هەیە، لەهەندێ ولاَتی هین هەیە, خیلافەکە لەوە دایە, ئەگەر نا ئەو هەدەفەی کەباسی کرد, هەمووومان موتەفقین لەسەری, من بۆ ئەوەی نەبێتە دوو رەئیی, ئەگەر وای لێی

بکەین ڕێکخستنی کاروباری کۆچ پێکراوەکان, دەربەدەرکان و, بەدواداچوونی کاروبارەکانیان, ئەوەها باشترە و, هەم مانایەکەشی دەگرێـتەوە هەم هەموو لایەکانیش دەگرێتەوە, بەعەرەبیەکەش ( تنظیم ومتابعه امور المهجرین والمرحلین) ئەوە باشترە, ئەگەر جەنابی وەزیر موافیق بێ, لیژنەی قانونیش موافیق بێ، ئەوە دەیخەمە دەنگدانەوە, ئیعتیرازت لەسەر ئەو ئیقتیراحە هەیە, فەرموو.

**بەڕێز ئاری‌ز عبدالله احمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من کە ئەو ڕاپۆرتەم خوێندەوە ڕاپۆرتی لیژنە بوو, کە بەکورتیشم باس کرد چونکە بە تێکڕایی لیژنەکەمان ئەم ڕاپۆرتەمان ئامادە کردووە, لەبەر ئەوە بەکورتی قسەم کرد بۆ ئەوەی بەشداری برادەرانی تری ئەندامانی لیژنەکە هەبێ, دواتر دوو، سێ جار داوای قسەم کردووە, بەلاَم دەرفەت نەبووە ئەگەر قسە هەبێ, دیارە ئێمە پێمان باشە بەو کارە هەڵستان, ئێمە دژی ئەوە نینە, کە بەو کارە هەڵبسێ, بەلاَم ئەوە بایەخدان نییە بە کاروباری ئاوارەو دەربەدەرکراوەکان، بەپێچەوانەوە کەم کردنەوەی بایەخە لەوانە, چونکە لەعێراق وەزارەتێك هەیە بەناوی وەزارەتی هیجرە, ئێمە لێرە مودیریەتێکی بۆ دابین دەکەین, ئەوە یەك.

دوو: هەر لە بنچینەشدا پرۆژەی یاساکە باری ئەو وەزارەتەیان زۆر قورس کردیە, دوو ئیشی زۆر لەیەك جیاوازن, لەلایەك بە ئیش وکارەکانی دەرەوەی هەرێم هەڵدەستێ، لەلایەکیش بە جێبەجێ کردنی ماددەی 140, لەبەر ئەوەی پێمان باش بوو, هەر لەئەساس ئەوە لەیەکتری جیا بکرێتەوە, جێبەجێکردنی ماددەی 140 وەزارەتێکی تایبەتی دەوێ, کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمیش وەزارەتێکی تایبەتی دەوێ, بەهەر حاڵ ئەگەر تایبەمەندی ماددەی 140 ئێمە پێمان باشە مەسەلەی ئاوارەو دەربەدەرەکان ئەوە ئیشەکەی بێ, بەلاَم بەو شکلەی کە جەنابت باست کرد ئێمە تەئیدی ئەوە دەکەین, ئیش و کارەکانی ئەو وەزارەتە زۆر گەورەیە باوەڕدەکەم کە ئەگەر وەزارەتێکی تر هاوکاری بێتن, ئەگەر بتوانن ئیش وکارەکانیان بەتەواوی جێبەجێ بکەن, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ڕاپۆرتی لیژنەی پەیوەندیەکان کە خوێندرایەوە لەگەڵ ڕاپۆرتی لیژنەی یاسایی یەك دەگرێتەوە, لەو خاڵانەی کە ئیلغا کران، تەصویت لەسەریان کرا, ئەو خاڵانەی کە ئیختیلافی لەسەر هەبوو لیژنەی پەیوەندیەکان داوای ئیلغای کردبوو ولیژنەی قانونی پەسەندی کردبوو, خاڵی هەشت بوو, ئەو خاڵەش بەو ئیقتراحەی کە کردم پێم باشە, ئەگەر لیژنەی پەیوەندیەکان ئیقتیراحەکەیان سەحب بکەن, بۆ ئەوەی ئەو تەعدیلەی کە جەنابی وەزیر موافق بوو لەسەری, بیخەمە تەصویت، ئیقتیراحی لیژنەی پەیوەندیکان کە دەڵێ ئەو خاڵە ئیلغا بکرێ, کێ موافقە لەسەر ئەوەی کە ئیلغا بکرێ؟ دە کەس داوای ئیلغا کردن دەکات, کەواتە ئیلغا ناکرێ, ئەوەی کە موناقەشمان کرد ئەو خاڵە تەصلیح کرا بەموافەقەتی جەنابی وەزیر, بە موافەقەتی لیژنەی یاسایی تەصلیحەکەش بخوێنەوە.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خاڵی پێنجەم دوای هەموار کردن بەم شێوەیە دەبێت:

(ڕێکخستن و بەدواداچوونی کاروباری کۆچپێکراوەکان و راگوێزراوەکان)

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو خاڵە دایە دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموو، کێ لەگەڵ ئەو خاڵەدا نییە، دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموو، کەواتە بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لێرە هیجەرەمان هەڵگرت لەوێش مودیریە عامە هەیە بەناوی (المديرية العامة للهجرة و المهجرين و المرحلين) بۆیە دەبێ لەوێش (الهجرة) هەڵبگرین، زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

زۆر راستە، لەمودیریەتی عامە للمهجرين، دەبێ لەوێش وشەی (الهجرة) هەڵبگرین، کام ماددەیە؟ هێشتا نەگەیشووین، کە گەیشتینێ ئەو کات ئنتيباهمان بکە، سوپاس، فەقەرەی 10 لەگەڵ وەزارەت ڕێك کەوتن لیژنەی یاسایی کە گۆڕانکاری تێدا بکرێ، بەو شێوەیەی کە خوێندتانەوە، پاشان کاک غەفور تێبینیەکیدا، پێم وایە تێبینیەکەی جێگای خۆیەتی، کاک غەفور ئەگەر جارێکی تر بیڵێیەوە ئیقتیراحەکەت؟

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەکەی من ئەوە بوو، کار کردن لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆ ئاوەدان کردنەوەی ناوچە دابڕاوەکانی هەرێمی کوردستان، سوپاس.

**بەڕێز کریم بحری عبداللە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەسەری ڕێکەوتن ئەو خاڵە زیاد بکرێ، (کارکردن بۆ پێشکەش کردنی پرۆژە خزمەت گوزارەکانی پێویست بۆ ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان)

**بەڕێز غفور طاهر سعيد مخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێستا بەس وەزارەتی ئاوەدان کردنەوەمان هەیە، بە هاوکاری لەگەڵ ئەو وەزارەتە زیاتر بۆ ئەوە بچێ، ئێستا مەسەلەن ئەمن چی بکەم، تۆ لە ناو کەرکووك چی دەکەی، یان لە ناو مەخمور چی دەکەی؟ کاك کریم مەبەستم ئەوەیە ئەو ناوچانە، گوندەکان هەمووی وێران بووە، شاروشارۆچکەکانی دەوروبەری

هەمووی وێران بووە, پرۆژەی خزمەت گوزاری و ئاوەدان کردنەوە, یەعنی ئاوەدان کردنەوەی ناوچەکان, وشەی ئاوەدان کردنەوەی لەگەڵ دابیت, زۆر سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر صیغەکەتان نووسییە, فەرموون, ئەگەرنا من نووسیومە, بەم شێوەیە: (العمل مع الوزارات ذات العلاقة لتطوير المناطق المقتطعة من الاقليم و متابعة المشاريع الخدمية فيها).

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

کارکردن و هەماهەنگی کردن لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکان بۆ پێشکەش کردنی پرۆژەی ئاوەدانکردنەوەو خزمەت گوزارەیەکانی پێویست بۆ ناوچە دابڕاوەکانی کوردستان.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

صیاغەکە بەم شێوەیە بێت:

سادساً: العمل على تقديم المشاريع في مجال الاعمار و الخدمات الى المناطق المقتطعة من الاقليم وبالتعاون والتنسيق مع الوزارات ذات العلاقة.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

جەنابی وەزیر ئەوەی من ئەیڵێم لەناحیەی صیاغەکە پێم عەملی ترە, (العمل مع الوزارات ذات العلاقة لتطوير المناطق المقتطعة من الاقليم و متابعة تنفيذ المشاريع الخدمية فيها), نوقتەی نیزام هەیە, فەرموو.

**بەڕێز زرار طاهر امین:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەر خزمەت گوزاریەك کە لەناوچەکانی دەرەوەی هەرێم بکرێ خانەقین بێ, یان کەرکووك بێ, یان مەخمور بێ, ئەگەر بودجەی تایبەتی نەبێ چۆن دەتوانین کاری خزمەت گوزاری بۆ بکەین, ئایا بە بودجەی ئێرە دەتوانین کاری خزمەت گوزاری بکەین, بۆ ئەو ناوچانەی کە ئێستا لەدەرەوەی هەرێمن؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە تەبیعیە زۆر مەشاریع کراوە, چەند ساڵە مەشاریع دەکرێ, ئەگەر قسەتان هەیە ناوتان دەنووسم, خورشید شیرە, کاك دلێر, سۆزان خان, د0ناصح, کاك سردار, د0رمضان, فەرموو کاك خورشید.

**بەڕێز خورشید سلیم شیرە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە پێشنیارەکەی جەنابت دەڵێ (تطوير المناطق) تەتویر لەکوێ بکرێ, تەنها قەزای مەخمور 246 گوندە، تەنها مەرکەزی قەزای مەخمورو باقرت و دیبەگە نیوەی ئاوەدان کراوەتەوە, دەنا هەر هەمووی چۆڵە, چ

تەتویر دەکەی؟ کێندەر تەتویر دەکەی؟ ئەگەر ئاوەدان نەکرێتەوە، گوندەك نەماوە ئەگەر ئاوەدان نەکرێتەوە چۆن تەتویر دەکرێ؟ تەتویر یەعنی پەرەپێدان، پەرەپێدانی چ؟ هێشتا یەك گوند ئاوەدان نەکراوەتەوە، لەبەر ئەوە کەلیمەی ئاوەدان کردنەوە باشترە لە تەتویر، چونکە تەتویر بە چ دەکەی، ئاوەدان بکەوە، ئینجا تەتویر بکە، دەتوانیین بڵێین مەخمور تەتویر بکەین، بەس گوند نەماوە، بیر لەوە بکرێتەوە، ئەو ئیقتیراحەی کاك غەفور زۆر زۆر مەعقولە، من تەئیدی قسەی ئەو دەکەم، چونکە گوند نەماوە تۆ تەتویر لە چ دەکەی؟ سوپاس.

**بەڕێز دلێر محمد شریف:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەراستی من لەگەڵ ئەوە نیم ئەو مەشاریعە خەدەمیە زەروریانە لەم وەزارەتە تێکەڵ بکرێت لەگەڵ وەزارەتەکانی تر، (بالتنسیق مع الوزارات الاخری) چونکە بەراستی ئەو وەزارەتانەی تر بۆ ساڵی 2007 بودجەکەیان بۆ ئەم سێ شارەیە کە لە کوردستانە سلێمانی هەولێر، دهۆکە، ئەگەر ئەمە بکرێ یەعنی ئەو وەزارەتە رێی لێی ئەگیرێت هیچ ئیشێ لەو مەنتیقانە نەکا، یەعنی هیچ ئاوەدان کردنەوەیەك، یان خزمەت گوزارەیەك لەو مەنتیقانە جێبەجێ نەکات، ئەوە عەرقەلە دوروست کردن و رۆتین دروست کردنە، من پێم باشە ئەم وەزارەتە موکەلەف بێ تایبەتیش بێ بەوە، چونکە وتت خدمات زەروریە، یەعنی هەموو شتێك دەگرێتەوە، ئەمە باشترە بەم شێوەیە بمێنێتەوە، ئەگەر بمانەوێ خزمەتی ئەو مەنتیقانە بکەین لە خاریجی ئیقلیم، ئەبێ ئەم وەزارەتە خۆی موختەس بکەین، تایبەتی بکەین ئەو موهیمەی لەسەر بێ، من قەناعەتم نییە، وتت (بالتنسق مع الوزارات الاخری) کێن وەزارەتەکانی تر؟ چ بودجەیەك دانێن تا ساڵی 2007 کە تا 2007 ماددەی 140 جێبەجێ نابێت، یەعنی ئیدارییەن لە رێی قانونییەوە ناتوانن هیچ تەدخولێك بکەن لەو مەنتیقانە، پێم وایە ئەو وەزارەتە ئەوها نەصەکەی بمێنێ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

عەفو کاك دلێر ئەوەی جەنابت دەیڵێی ئیمکان نییە، مەعنای وایە ستافێك دابنێین بۆ ئەو وەزارەتە بریتی بێت لە وەزارەتی تەندروستی و وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو وەزارەتی پەروەردە، ناکرێتن ئیشی جیاجیا هەیە، هەر دەتوانێ تەعاون بکا، ئەو وەزارەتە بەتەنیا ناتوانێت بەو ئیشە هەڵبستێ، کاك سردار.

**بەڕێز سردار صباح بوزو هرکی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

من پێم وایە ئەو وەزارەتە وەزارەتێکی زۆر حەساسە بۆ ئێمە، پێم وایە زیاتر کاروباری سیاسی گەڕانەوەی ئەو مەنتیقانە بکا، نەوەك مەشغول بێ بەتەنفیز کردنی ئەو مەشاریعانە، ئەو پێشنیارەی بۆ جەنابت هاتووە، من لەگەڵ پێشنیارەکەی لیژنەی یاساییم، بەڵام تۆزێ گۆڕانکاری لەسەر بکرێ، بەم شێوەیە بێت:

(تقدیم المشاریع في مجالات الاعمار و الخدمات للمناطق المستقطعة الی الوزارات المختصة في الاقلیم).

موتەقەتیعە کەلیمەیەکی غەڵەتە, جەنابی سەرۆك موتەقەتیعە خۆی لەوانەیە بپچڕێت، بەڵام کە وتت موستەقتەعە یەعنی لێ کراوەتەوە, سوپاس.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پشتگیری بۆچوونەکەی جەنابت دەکەم, بەڵام ئەگەر پێشتر (اعادة بناء) بێت ئینجا تەتویر, چونکە ئەگەر ئیعادەی بنائی نەکەین تەتویر ناکرێ, لەبەر ئەوە ئەو ناوچانە هەموویان کاول و وێران کراون, بۆیە پێش وەخت پێویستە (اعادة بناء) بکرێتەوە, ئینجا مەشاریع تەقدیم بکرێ (لأعادة بناء) وەکو ئەوەی لیژنەی یاسا تەقدیمی کردووە, بەڵام (تقديم مشاريع لاعادة بناء و تطوير المناطق المتضررة), سوپاس.

**بەڕێز سۆزان شهاب نوری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وەڵڵا من نازانم ئەو وەزارەتە بۆ وای لێهات, یەعنی هیوادارم ئەمڕۆ نەجاتمان بێ لەدەستی, بەڕێز وەزیر یەعنی مەگەر سوپەرمان بێ, بەراستی بەس سوپەرمان ئەتوانێ لەلایەکەوە سیاسی بێت و بچێتە لیژنەی جێبەجێکردنەوە, لەلایەکی ترەوە خەریکی کاروباری هاووڵاتی دەرەوەی کوردستان بێ, یەعنی خاریجی کوردستان, یەعنی نازانم ئەو هەموو کاروبارە بۆ ئەوها ئاڵۆز دەکرێ, ئەوە ئیعماریشی ئەخەینە سەر, ئەکەوێتە ئەستۆی ئەو وەزیرە, ئەبێ ئێمە بزانین مەبەستمان چییە لەو وەزارەتە؟ مەبەستمان ئەوەیە جێبەجێ کردنی ماددەی 140 ئەوە بەکاروباری خۆی هەڵئەسێ, با ئەوانی تری لێ لابدەین, ئەگەر مەبەستیشمان بیکەینە وەزارەتێکی هەمەلایانە هەموو شتێك بگرێتە دەستی خۆی، ئەوا با دەنگی بۆ بدەین و ئەمڕۆ نەجاتی بدەین, سوپاس.

**بەڕێز د.رمضان عبدالرحمان محمد رضا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەو وەزارەتە بۆ ئەوەی بەشداری بکات لە ئاوەدانکردنەوەو پەرەپێدان جگە لە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتەکانی خۆمان، پێویستی بە هەماهەنگی لەگەڵ ئیدارە خۆجێییەکانی ئەو ناوچانە هەیە, چونکە ئەوانیش پێویستە هاوکار بن بۆ ئەوەی بتوانین پرۆژەکانمان لەوێ جێبەجێ بکەین, بەڵام بەیاسایی کردن, و ئاوەدان کردن و پەرەپێدان شتێکی قورسە، رەنگە لە ئیمکانیەتی حکومەتی هەرێمدا نەبێ بەیاسایەك دەربچێت و ببێتە ماڵ لەسەرمان, سوپاس.

**بەڕێز محمد قادر عبدالله (د0کمال کەرکووکی):**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەڕاستیدا ئەم وەزارەتە وەزارەتێكی زۆر گرینگە بۆ ئەو شوێنانەش دانراوە, ئێمە هەموومان شكایەتمان هەیەو گازاندەمان هەیە ئەڵێین لەوەتەی هەیە هیچمان بۆ ئەو مەنتیقانە نەكردووە, هیچ نەكراوە, بۆ نەكراوە؟ چونكە كەس خۆی بە خاوەنی نەزانیوە, یان زۆر شت كراوە بزربووەو دیار نییە, بەغەڵەت جێبەجێ دەكرێ, ئێستا قیادەی سیاسی كوردستان ئێوەی بەڕێز لەم پەرلەمانە دەنگتان دا وەزارەتێك هەبێ كە مەسئولیەتی چاككردنی ئەو مەنتیقانە هەڵبگرێ, هەموومان ئەزانین بەساڵێك هیچ وەزارەتێك ناتوانێت هەموو مەشاكیلی ئەو مەنتیقانە لەسەدا سەد تەواو بكا, بەلاَم بۆ هەندێ مەشاریعی زەروری، بۆ تەتبیع، بۆ ئەم شتانە, پێویستە ئەم وەزارەتە مەسئول بێ بەرامبەر وەزارەتی ناوچەكانی دەرەوەی هەرێمی كوردستان, مەسئولیەتی تاریخی لەسەرە, ئاوەدانی گوندەكان بكرێتەوە, ئینجا بەتەنسیق لەگەڵ وەزارەتەكانی تر ئەیكا, مودیریەتێكی عام پێی هەڵدەستێ, ئەنجومەنی وەزیران قەراری لێئەدا, ئەم وەزیرە بەڕێزە لەڕێگای ئەو زانیاریانەی بەردەستی ئەكەوێ و, زەرورە ئەبێ سەرپەرشتی ئیشەكان بكا, ئێستا زۆر مەشاریع ئەكرێ دیار نییە, ئەم لایەكە ئەو لایەكە هەموومان گازاندە ئەكەین و ئەڵێین نازانین چەند ئەكرێ؟ كێ ئەیكا؟ چۆن ئەكرێ؟ ئێمە لێرە لەپەرلەمانی كوردستان یەقەی ئەم وەزارەتە ئەگرین, ئەو مەشروعە چەند میزانیەتی هەبوو, چۆن سەرفت كرد؟ لە چی سەرفت كرد؟ وە ئینتاجیەكە چی بوو؟ ئەگەر ئێمە بڵێین هەموو وەزارەتەكان، ئەوجا ئەو وەزارەتەمان بۆ چی بوو؟ بۆیە من پێشنیار دەكەم ئەو موقتەرەحەی هاتووە زۆر زەرورە بمێنێ و, تەشخیصی ئەوە بكا ئیشرافی موباشیریش مەسئولیەتی موباشری ئیشەكانیش هەڵبگرێ, مەشروعەكان چۆن ئەكرێ؟ ئینتاجەكەی چۆن ئەبێ؟ چەندیشی لێ سەرف كردووە؟ ئەبێ ئەم وەزارەتە بەرپرس بێت لەبەرامبەر ئەم پەرلەمانە, ئەگەر وانەبێ بەیانی بانگی بكەین, ئەڵێ من عیلاقەم چیە, ئێوە خۆتان لەپەرلەمان وتتان با ئەو وەزارەتە بیكاتن, یەعنی هیچمان نەكردووە, بۆیە من دووبارەی ئەكەمەوە ئیشی وەزارەتەكە تەحدید بێ و, ئاوەدان كردنیش مەسئول بێ لێی, جا چۆنیەك تەنسیق ئەكا و, ئەنجومەنی وەزیران قەرار ئەدا، خۆی بەتەنیا قەرار نادا, بەلاَم خۆی مەسئوولە لەبەرامبەر ئێمە, لەبەرامبەر ئەم پەرلەمانە, كە ئەو مەشروعانە چەندی تیا سەرف كردووە؟ چۆن سەرفی كرد؟ وە چی لێدەرچوو؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

موناقەشە تەواو, ئەو صیغەیە لەبەر رۆشنایی موناقەشەكانیش تەعدیلمان كردەوە, سەد لەسەدی هەموو لایەك وەرنەگیرا, بەلاَم جەنابی وەزیریش موافق بوو لەسەر ئەو صیغەیە, (العمل والتعاون مع الوزارات ذات العلاقة لأعمار وتطویر المناطق المقتطعة من الاقلیم ومتابعة تنفیذ المشاریع الخدمیة فیها), ئەگەر جەنابی وەزیر رازی بوو, دەیخەمە دەنگەوە, فەرموو بیخوێنەوە بەعەرەبیەكەی بۆ ئەوەی بیخەمە دەنگەوە فەرموو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

العمل والتعاون مع الوزارات ذات العلاقة لأعمار وتطوير المناطق المقتطعة من الاقليم و متابعة تنفيذ المشاريع الخدمية فيها.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کێ لەگەڵ ئەو خاڵەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموو, کێ لەگەڵ دا نییە, دەستی بەرزبکاتەوە؟ فەرموو, بەزۆرینەی دەنگ وەرگیرا, بۆ ئەوەی فەرقەکەی ئەوە بن, صیغەکەی ئێمە راستترە, (العمل والتعاون) دەتوانێت بەتەنیاش ئیش بکات, لەگەل حکومەتی بەغدا, بودجەی هەیەو وەردەگرێتن بۆ ئەو تەتویرە, ئەگەر (بالتعاون)ت وتبا ئەو کات بەس حکومەتی هەرێمی دەگرتەوە, بەلاّم لێرە دەرگا کراوەتەوە لەگەڵ حکومەتی بەغداش, خاڵی دواتر. خاڵی یازدەش حەزف کراوە, کەواتە ئێستا ماددەی چوار هەموو خاڵەکانی بخوێنەوە بۆ ئەوەی بیخەینە دەنگدان, کاك فەرست مولاحەزەیەکی باشی دا, ئەڵێ ماددەی سێ خاڵ، خاڵ دەنگی لەسەر درا, بۆیە ئیعتیبار دەکرێ کە دەنگی لەسەر دراوە, د0ناصح فەرموو, نوقتەی نیزامت هەیە.

**بەڕێز د.ناصح غفور رمضان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە لە سەفارەتی عێراقیدا نوێنەرایەتی هەرێمی کوردستان هەیە, ئەو نوێنەرایەتییە پەیوەندی بە چ جیهاتێکەوە هەیە؟ دەزگایەکی ئێمە دیاری نەکراوە لێرە هەبوو, بەلاّم چ دەزگایەکە, ئەگەر ئەنجومەنی وەزیرانە، ئەوە ئەبێ تەعدیلات لەسەر یاسای ئەنجومەنی وەزیران بکرێت و, خاڵی یازدەم بمێنێ ئەوە شتێکی ترە, نازانم بۆ ئێمە ئەوەمان ئیلغا کرد, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەگەر هەر وەختێك لەئەنجومەنی وەزیران شتێکمان بۆ هات هەمواری دەکەین, بەلاّم عیلاقەی بەو وەزارەتە نییە, ئیتیفاقمان لەسەر کرد, بۆیە ئیلغا کرا, بڕۆ سەر ماددەی چوار ئێمە بیدایەت تەصویتمان لەسەر ئیلغا کردنی فەقەرەی 4, 5, 7, 8 دواتر 9 تەعدیل کرا, ئێستاکە دەبێ تەصویت لەسەر 10,11 بکرێ بۆ ئەوەی ئیلغایان بکەین, لەگەڵ جەنابی وەزیرش ئیتیفاق کراوە کە 9, 10,11 لەماددەی سێ ئیلغا بکرێ, کێ لەگەڵ ئەوە دایە ئیلغا بکرێ دەستی بەرز بکاتەوە؟ کێ لەگەڵ ئەوە دانییە ئیلغا بکرێ, دەستی بەرز بکاتەوە؟ بەکۆی دەنگ ئیلغا کرا, ئێستا بەو شێوەی کە خوێندرایەوە فەقەرە، فەقەرە دەنگی لەسەر درا, ماددەی سێ ئیعتیبار دەکرێ تەصویتی لەسەر کرا تەواو, بڕۆ سەر ماددەی چوار, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

خۆی تەشکیلاتی وەزارە لەماددە دوو هاتیە و, مەهامی وەزارەت لە ماددەی سێ هاتیە, ئێمە لە جەلسەی پێشتر مهامەکەمان خستە پێش تەشکیلات, وەکو لەهەموو وەزارەتەکان هاتیە و, ئەوە شتێکی ئیعتیادیە دەبێ پێشتر مەهام بێ، ئینجا تەشکیلات بێ, ئێستا ئێمە لەسەر ئەو موقتەرەحەی جەلسەی پێشتر کرا,

ئەوەی خوێندمانەوە ماددەی دوو بوو، دوای ئیزافات، تعدیلات، موقتەرەحات ئێستا ئێمە دێینە سەر ماددەی سێ کە تەشکیلاتی وەزارەتە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەبعەن مولاحەزەی ئەوە کراوە، تەشکیلاتی وەزارەت موناقەشەمان کردووەو پێشتردەنگیشی لەسەر دراوە، فەقەت لەتشکیلاتەکە لەبەر رۆشنایی ماددەی پێشتر کەلیمەی هیجرە لێرە دەبێ بگۆڕدرێ، پێشتر موناقەشەمان کردو تەصویتشمان کرد، کە ببێتە موهەجرین، بیخوێنەوە ئەو صیغەی ئێستا.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بڕگەی دوو لەماددەی چوار:

بەڕێوبەرایەتی گشتی کاروباری کۆچپێکراوان و راگوێزراوان.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

فەقەت ئەو فەقەرەیە دەخەمە دەنگەوە، کە گۆڕانکاری لێکرایە لەبەر رۆشنایی ماددەی پێشتر، ئەو مولاحەزەیەی کە درا لەلایەن لیژنەی قانونی دەبێ تەعدیل بکرێ، کەواتە (المدیریة العامة للهجرة و المهجرین) دەبێتە (المدیریة العامة لشؤون المهجرین و المرحلین)

فەرموو.

**بەڕێز غفور طاهر سعید مەخموری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئێمە بۆ مەسەلەی ئاوەدان کردنەوە کە لەمهامەکان زیادمان کرد، دەبێ لێرە بەڕێوەبەرایەتیەك زیاد بکەین، (بەڕێوەبەرایەتی گشتی ئاوەدانکردنەوەو پەرەپێدانی ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەو وەزارەتە تەنفیزی ناکا خۆی موباشر، لەبەر ئەوە ئەو مودیریەتەی ناوێ، تەعاون دەکا لەگەڵ حکومەتی هەرێم، لەگەڵ حکومەتی فیدراڵ بۆ جێبەجێ کردن، وەزارەتی ئەعمار لە حکومەتی هەرێم، وەزارەتی ئیعمار لە بەغداو وەزارەتەکانی تری پەیوەندیدار، ئەو تەعاونیان لەگەڵ دەکا، مەشاریعیان تەقدیم دەکا هاوکاریان دەکا، دەسەڵاتی وەزیر هەیە مودیریە دروست بکات نەك مودیریە عامە، ئەگەر زانی مودیرەیەکی تایبەتی دەوێ دەتوانێ لە تەشکیلاتی وەزارەت دروستی بکا، ئەو تەعدیلە دەخەمە دەنگەوە، کێ لەگەڵ ئەو تەعدیلەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموو، کێ لەگەڵ دا نییە، دەستی بەرزی بکاتەوە؟ بەکۆی دەنگ وەرگیرا، ئەو ماددەیەش تەعدیل کرا پێشتریش دەنگی لەسەر دراوە، بڕۆ سەر ماددەی پاشی، فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی  پێنجەم لە ئەصڵی مەشروعەکە هاتووە بەم شێوەیە:

ماددەی پێنجەم: پێکهاتەکانی وەزارەتەکە بە پێڕەوی ناوەخۆ دیاردەکرێن.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

اما بالنسبة للمادتين الخامسة و السادسة تقترح اللجنة دمجهما بمادة واحدة تحت رقم المادة الخامسة وإضافة فقرة أخرى إليها وصياغتها كالآتي:-

اولاً: يحدد بنظام مهام وإختصاصات تشكيلات الوزارة.

ثانياً: للوزير استحداث او دمج او الغاء اي من المديريات او الاقسام او الشعب ضمن تشكيلات الوزارة وفقاً لمتطلبات عملها.

ثالثاً: للوزير إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی پەیوەندییەکان هیچ مولاحەزەیەکتان نییە؟ ئەو دوو ماددەیە دەمج کراوە, ئەوەش رۆتینە لەوەزارەتەکانی تریش هاتووە, یەکەم تەحدیدی مەهام و ئیختیصاصاتی تەشکیلاتە بە نیزام ئەوە رۆتینە, وەزیر بۆی هەیە ئیستحداس, دەمج , یان ئیلغای مودیریات و ئەقسام بکات, ئەوەش لەناو هەموو وەزارەتەکاندا ئەو دەسەڵاتەی هەیە, وەزیر تەعلیمات دەردەکات بۆ ئاسان کردنی ئەو یاسایە, بە ئیتیفاق لەگەڵ جەنابی وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێم ئەو تەعدیلە کراوە, پێم وا نییە قابیلی موناقەشە کردن بێ, دەیخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ وەرگیرا, بڕۆ سەر ماددەی پاشی, فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

شەشەم: هەرچی ماددەی حەوتەمی پرۆژەکەیە, کە بەپێی پێشنیازی لیژنەی یاسا (بووە بە ماددەی شەشەم), ئەو پێشنیاز دەکا, دووبارە بەم شێوەی خوارەوە دابڕێژرێتەوە:

ماددەی شەشەم: پێویستە لەسەر ئەنجومەنی وەزیران و لایەنە پێوەندیدارەکان, حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سادساً: أما فيما يتعلق بالمادة السابعة من المشروع و التي اصبحت برقم المادة السادسة من مقترح اللجنة القانونية إعادة صياغتها كالآتي:

المادة السادسة: على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ احكام هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموون, بەکۆی دەنگ وەرگیرا, ماددەی پاشی, فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

حەوتەم: هەرچی ماددەی هەشتەمی پرۆژەکەیە, کە بەپێی پێشنیازی لیژنەی یاسا (بووە بەماددەی حەوتەم), ئەوە لیژنە پێشنیاز دەکا دووبارە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێ:

(هەر دەقێ لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا نەگونجێ, کاری پێ ناکرێ).

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سابعاً: اما فیما یتعلق بالمادة الثامنة من اصل المشروع والتي اصبحت برقم المادة السابعة من مقترح اللجنة القانونیة تقترح إعادة صیاغتها و تقرأ کالآتي: (لایعمل بأی نص یتعارض مع احکام هذا القانون).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگەوە, کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموون بەکۆی دەنگ وەرگیرا, ماددەی پاشی, فەرموو.

**بەڕێز کریم بحری عبدالله:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

هەشتەم: هەرچی ماددەی نۆیەمی پرۆژەکەیە, کە بەپێی پێشنیازی لیژنەی یاسا (بووە بە ماددەی هەشتەم) ئەوە لیژنە پێشنیاز دەکا, دووبارە بەم شێوەیەی خوارەوە دابڕێژرێ: ئەم یاسایە لە ڕۆژی دەرکردنیەوە کاری پێ دەکرێ و, لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاّوەدەکرێتەوە.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

اما فیما یتعلق بالمادة التاسعة من اصل المشروع والتي اصبحت برقم المادة الثامنة من مقترح اللجنة القانونیة تقترح إعادة صیاغتها و تقرأ کالآتي:

(ینفذ هذا القانون إعتباراً من تأریخ إصداره و ینشر في الجریدة الرسمیة (وقائع کوردستان).

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دەیخەمە دەنگەوە, دەزانم خیلافی لەسەر نییە, کێ لەگەڵ ئەو ماددەیە, دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموون, کێ لەگەڵدا نییە, دەستی بەرز بکاتەوە؟ فەرموون بەکۆی دەنگ وەرگیرا, ئەسبابی موجبە بخوێنەوە, فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناصح حیدری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەنیسبەت ئەسبابی موجیبەکەش هەر لەگەڵ جەنابی وەزیر دانیشتین, ڕێکەوتین لەسەر ئەم ئەسبابە موجیبەی کە ئێستا بۆتان دەخوێنمەوە:

**الاسباب الموجبة**

لما كانت الكثير من المناطق المقتطعة فصلها النظام السابق من حدود كوردستان الادارية و قام بتغيير هويتها دون مسوغ قانوني وطبقا لدستور جمهورية العراق الفيدرالي الذي كفل معالجة هذا الموضوع و ضمان حق شعب كوردستان على اراضيه المقتطعة منها حيث اوجب الدستور على قيام السلطة التنفيذية في الحكومة الفيدرالية اتخاذ الخطوات اللازمة لاستكمال تنفيذ متطلبات المادة (140) من الدستور الاتحادي كانت المسؤولية الملقاة على عاتق السلطة التنفيذية المنصوص عليها في المادة المذكورة على ان تنجز كاملة (التطبيع, الاحصاء, وتنتهي باستفتاء في كركوك و المناطق الاخرى المقتطعة لتحديد ارادة مواطنيها) في مدة اقصاها الحادي و الثلاثون من شهر كانون الاول سنة الفين و سبعة ولما كان برنامج الحكومة الفيدرالية قد وضع خارطة الطريق لحل المشكلات المتعلقة بشؤون المناطق خارج الاقليم, ولغرض ضمان حقوق اقليم كوردستان على اراضيه واعادة المناطق المقتطعة والخارجة عن هذه الحدود, فقد شرع هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تەنیا غەڵەتی مەتبەعی و قواعیدی هەیە, کاک ڕشاد و کاک پیر خدر قسەی دەکەن, فەرموو.

**بەڕێز رشاد احمد ابراهیم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەزەروری دەزانم ئیشارەت بدرێتە ماددەی (58)ی مەرحەلەی ئینتیقالی ئینجا ماددەی (140), ماددەی (58) ئەساسە بۆ ماددەی (140), ئێستا کە یاسا تازە دەردەچێت بابزانین ئەصڵەکەی لە کوێ هاتووە, لە دیباجەکەی, سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە مەفهومە, وتت ماددەی 140 دەزاندرێ, ماددەی (58)ە, فەرموو کاک پیر خدر.

**بەڕێز خضر سلیمان خلیل:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ماددەی مە هەمووی دانووساندنی کرد لسەر, دەنگیشی لسەردا, بەس ئاخرنەیەك هەیە بۆ دیرۆکەیی بۆ منیش و بۆ جەنابی وەزیر بۆ حزوری ئەندامێ پەرلەمانێ بێژم, ناڤێ وەزارێ نەیکۆکە, ناڤێ ناڤێویێکی لەرزۆکە, وەزارەتی ناوچەی دەرەوەی هەرێم, وەزارەتی ناڤچەی دابڕای هەرێم, ئەڤە یەك, ئەوە چوو. دوو, ئەز نا موو سێ ساڵ یوکما لیژنەیەك هەیوو چوار قەزای دابڕێ کوردستانی مە کارت کرد, دەبێژمە جەنابی وەزیر بە حزوری ئەوە, ئەگەرحەمی وەزارەت هاریکار نەبن دگەڵ جەنابی وەزیر محالە کاری خۆ بکات, مە تەجروبە هەیە چوار ساڵی, وەزارتی پەروەردە دگەل مە هاریکار بوو کارەکی باش کرد وەزارەتی تەندروستیە تارادەیەك وەزارەتی دی هاریکار بوو شوول نەهاتە کرن, ئەڤ وەزارەت بودجەی نە دیارە, ئەڤ

هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی نیشتمانیی
کوردستان - عێراق

ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستان - عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# 46

ساڵی/ 2008 – بەرگی چل و شەش

---

چاپی یەکەم/ ساڵی 2008

# پێرست

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (1)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2008/2/10 ل5

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (2)ی نائاسایی خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2008/2/26 ل13

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی دەستپێك خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/3/10 ل51

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (1) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/3/17 ل69

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (2) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2008/3/30 ل83

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (3) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/3/31 ل145

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (4) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2008/4/2 ل197

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (5) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/4/7 ل257

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (6) خولی دووەمی هەڵبژاردن – یەك شەممە 2008/4/13 ل297

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (7) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/4/14 ل317

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (8) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2008/4/16 ل373

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (9) خولی دووەمی هەڵبژاردن – دوو شەممە 2008/4/21 ل443

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (10) خولی دووەمی هەڵبژاردن – سێ شەممە 2008/4/22 ل515

پرۆتۆكۆلی دانیشتنی ژمارە (11) خولی دووەمی هەڵبژاردن – چوار شەممە 2008/4/23 ل561

7 ـ ينفذ هذا القرار من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).
الاسباب الموجبة، بما ان قانون الاحزاب في أقليم كوردستان رقم 17 رقم لسنة 1993 المعدل قد احالة الى المجلس الوطنى الاقليم كوردستان، تحديد الضوابط توزيع الضوابط المنحة السنوية للاحزاب ضمن ميزانية الاقليم، بموجب المادة 14 الفقرة أ ولدعم التعددية السياسة في أقليم كوردستان، و اعطاء كل ذى حقه حقه، فقد اصدرنا هذا القرار.

ئەم پرۆژەیە ئاراستەی لیژنەی یاسایی و لیژنەی دارایی دەکەم، ئەوانەی ئیمزایان کردووە ئیسپاتی دەکەن کە سەربەخۆن و بیری سەربەخۆیان هەیە، بۆیە ئەو پرۆژەیان ئیمزا کردووە، من تەسەورم وا بوو کە ناتوانن ئەو ناوانە کۆبکرێنەوە، بەڵام کە بووەتە 57 ناو جاری دووەمیشە، ئێمە دەیخەینە بەر دەمتان، ئەگەر ئەوە بە پێی مەنتق بێت کە ئیمزا کرا زۆرینەیە، بەڵام لە موناقەشە ئەگەر 57 ئەوەیان ئیقرارکرد ئەو کات دەبێتە قانون، ئەگەر ئیقرار نەکرا ئەوە دەگۆڕێت، بەڵام وەکو هینێك بۆمان خوێندنەوە، ئومێد دەکەم کە لە وەختێکی پێویست دا پاش ئەوەی لیجانەکان بە لیژنەی ناوخۆشەوە تەبعەن، هەروەها لیژنەی دارایی و لیژنەی یاسایی و ئەندامەکانیش، هەروەها لە سایتی پەرلەمانیش بڵاودەکرێتەوە، ئومێد دەکەم ڕاپۆرتەکانیان حازر بکەن، ئەگەر لەو نێوەندەش دا وەڵامی حکومەتیش هاتەوە، لیژنەکان وەڵامی حکومەت موناقەشە بکەن، بۆ حازرکردنی ڕاپۆرتەکەی خۆیان، خاڵێکی تر تکایە کاك خلیل.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

4 ـ خوێندنەوەی یەکەمی پرۆژەی هەموارکردنی یەکەمی یاسای وەزارەتی کاروباری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان ژمارە 19 ساڵی 2006 کە لە لایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پێشکەش کراوە، ئەوەش 4 مادده لە خۆی دەگرێت.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەم یاسایەش ئاراستەی لیژنەی یاسایی و ئەندامانی پەرلەمان دەکەم، بۆ هەمان مەبەست، وەکو خاڵەکانی پێشوو. کاك خلیل خاڵی 5 فەرمووو.

**بەڕێز خلیل ابراهیم محمد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

5 ـ خستنەڕوو و گفتوگۆ کردنی پرۆژە یاسای دیوانی چاودێری دارایی هەرێمی کوردستان ـ عیراق کە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی پێشکەش کراوە و خوێندنەوەی یەکەمی لە دانیشتنی ژمارە 1 ی ڕۆژی 2008/3/17 کراوە و بە نووسراوی ژمارە ك 16 ی ڕۆژی 2008/3/19 دراوە بە لیژنەی کاروباری یاسایی و دارایی و ئابووری.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

داوا لە لیژنەی دارایی دەکەم، ئەگەر ڕاپۆرتیان هەیە یان هاوبەشە؟ ئەم پرۆژەیە لە لایەن ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمانەوە پێشکەش کراوە، خوێندنەوەی یەکەمیشی بۆ کراوە لە 3/17 واتە مانگێك پێش